# ڕۆژی ڕاپەڕین 3/5

دوو توێیەکی تایبەتە بە 35هەمین ساڵیادی ڕاپەڕین مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕین بەهاوکاری کوردستانی نوێ ئامادەیکردووە

پێنجشەممە 5 / 3 / 2026

# سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی، لە 35 ساڵیادی ڕاپەڕینی بەهاری ئازادیدا:

## ڕاپەڕین کە لە ڕانیەی خۆشەویستەوە بڵێسەیدا، سەرەتای وەرچەرخان و سەردەمێکی نوێ بوو

## بەرپرسیارێتی هەموومانە بە یەکگرتوویی و ڕۆحی نیشتمانی هەنگاو بنێین



> ئێمە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەندازیاری ڕاپەڕینین، بە شانازییەوە یادی هەموو ئەو قارەمانانەمان دەکەینەوە کە شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساند و بۆ ساتێکیش شۆڕشیان جێنەهێشت

**بافڵ جەلال تاڵەبانی - سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕینی بەهاری ئازادیدا، کە ٥ / ٣ / ١٩٩١ لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە سەریهەڵدا، وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات، ڕایدەگەیەنێت: " ڕاپەڕین کە لە ڕانیەی خۆشەویستەوە بڵێسەیدا، سەرەتای وەرچەرخان و سەردەمێکی نوێ بوو بۆ گەلەکەمان کە یەکێتی شانازی خاوەندارێتی ئەم دەستکەوتە مێژووییەی پێبڕاوە".**

**ئاماژە بەوەش دەکات: "لەم دۆخە هەستیار و ناسەقامگیرەی ناوچەکەمانی پێداتێپەڕدەبێت، هەموو هەوڵمان بۆ پاراستنی سەقامگیریی وڵات و دوورخستنەوەی ململانێکانە لە خاکەکەمان".**

### ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی

لە یادی ٣٥ ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان، پیرۆزبایی گەرم لە یەک بە یەکی خەڵکە خۆشەویستەکەمان دەکەم. بە وەفادارییەوە لەبەردەم کێلی تێکۆشەرەکانمان سەری ڕێز دادەنەوێنم و بەڵێن دەدەم هەمیشە لەسەر ڕێبازەکەیان بەردەوامبم بۆ خزمەتکردن و پاراستنی خەڵک و خاکەکەمان.

ڕاپەڕین کە لە ڕانیەی خۆشەویستەوە بڵێسەیدا، سەرەتای وەرچەرخان و سەردەمێکی نوێ بوو بۆ گەلەکەمان کە یەکێتی شانازی خاوەندارێتی ئەم دەستکەوتە مێژووییەی پێبڕاوە.

ئێمە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەندازیاری ڕاپەڕینین، بە شانازییەوە یادی هەموو ئەو قارەمانانەمان دەکەینەوە کە شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساند و بۆ ساتێکیش شۆڕشیان جێنەهێشت.

لەم ڕۆژەدا بەرپرسیارێتی هەموومانە بە پێکەوەیی و ڕۆحیەتی نیشتمانیی دوور لە دروشم هەنگاو بنێین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان و یەک دەنگی و یەک گوتاری گەلەکەمان بنیاد بنێینەوە و حکومەتێک دروستبکەین کە خزمەتی خەڵک بکات و لە ئاست داخوازیی و پێویستییەکاندا بێت کە دڵنیام ئەمە باشترین وەفایە بۆ خەڵکەکەمان و ئەو قارەمانانەی ڕاپەڕینیان کرد.

لەم دۆخە هەستیار و ناسەقامگیرەی ناوچەکەمانی پێداتێپەڕدەبێت هەموو هەوڵمان بۆ پاراستنی سەقامگیریی وڵات و دوورخستنەوەی ململانێکانە لە خاکەکەمان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی سەربەرزی کوردستانەکەمان، سەربەرزی بۆ کەسوکارە تێکۆشەرەکانیان.

**بافڵ جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

دەنگی گەلی کوردستان سەنگەری بێسیم و مایکرۆفۆنی ڕاپەڕین 4

هیوا قەرەنی: ڕاپەڕین هێز و وره و مەشخەڵە بۆ پارچەکانی تری کوردستان 5

حسێن مەحمود: ڕانیە لە کۆی سێکتەرەکان گەشە و ئاوەدانی بە خۆوە دیوە 6

ئەحمەد وسو: ئەمساڵ بۆ ڕانیە، ساڵی پڕ خزمەتگوزاریی دەبێت 8

مستەفا محەمەد: گرنگترین کار بۆ ڕانیە بکرێت ئامادەکردنی ژێرخانی شارە 9

ڕانیە و ئەلف و بێی ڕاپەڕین 11

# مەڵبەندی 24ی ڕاپەڕین:
# دەروازەی ڕاپەڕین، دەروازەی کۆدەنگی نیشتمانییە
# 5ی ئازاری 1991 — 5ی ئازاری 2026

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست، کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان،**

ئەمڕۆ سی و پێنج ساڵ بەسەر یادی ڕاپەڕینی ٥ی ئازاری ١٩٩١ـدا تێدەپەڕێت. لەم ڕۆژە مێژووییە و پیرۆزە نیشتمانییەدا، درود بۆ ڕۆحی ڕابەری مەزنی گەلەکەمان سەرۆک مام جەلال دەنێرین، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری نیشتمانی و پارێزگاری لە دەستکەوتەکان دادەنەوێنین. ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە و قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخستنە دێرینەکان، زیندانیانی سیاسی، کەمئەندامبوانی سەنگەر، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، سەرجەم چین و توێژەکان و گوندنشینانی کوردستان بەتایبەتی بەرز و پیرۆز دەنرخێنین کە بە خۆڕاگری و قوربانیدانیان، شکۆی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینیان نەخشاند و بوونە هێمای بەرخودان و سەرفرازی نەتەوەیی و نیشتمانی.

ئەوێ ڕۆژێ ڕانیەی شۆڕش و دەروازەی ڕاپەڕین، چۆن بوو بە هێمای خۆڕاگری و یەکگرتوویی گەلەکەمان و پڕشنگدانی ئازادی، ئەمڕۆش سەرمەشقی خەبات و یەکڕیزییە. ڕاپەڕین، زادەی هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو. یەکێتی و سکرتێرە جاویدانەکەی توانیان هەموو لایەنەکان بهێننە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ ڕاپەڕینی سەرتاسەری دەستپێبکات.

یەکەم بانگەوازی دەنگی گەلی کوردستان هەمووانی جۆشداو شەقامەکانی بەڕووی داگیرکاری و ستەمکاری بەعسدا خرۆشاند. سیمبولی ڕاپەڕین شەهید عەلی نەبی و پاڵەوانانی ڕاپەڕین شەهیدان ئەرسەلانی کاکە هەمزە، سمایل وەرتی ئەو زەماوەندە لە گڕو کڵپەیە بوون کە کەرنەڤاڵی ڕابوونی مەزن، دەزگە و دامەزراوە سەرکوتکارەکانی بەعسی بەسەریەکدا خست و وەرچەرخانێکی مێژوویی بەدوای خۆیدا هێنا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ڕێبازی سەرۆک مام جەلال، لە دوای کۆنگرەی پێنجەم و لەسەر دەستی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی گۆڕانکاری گەورە و بنەڕەتی لە ژیانی حزبی و جڤاکیدا بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەمڕۆ یەکێتی لە هەرێمەوە بۆ بەغداد و ناوچەکە بەگشتی دەنگی کاریگەریی و بەرپرسانەی خەڵکی کوردستانە.

لە مینبەری ئەم یادە مەزنەدا، دامەزراندنی ناوەندی تواناسازی گەنجان و پێشخستنی کەرتەکانی پەروەردە، تەندروستی، کشتوکاڵ، ڕێگەوبان و گەشتیاری دەڤەرەکەمان بە ستانداردی نێودەوڵەتیی و دروستکردنی پڕۆژەی ستراتیژی بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بە گرنگ و تێکۆشانی لەپێشینە دەزانین و جەخت دەکەینەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلانی گشتگیری بۆ گەشەپێدانی ئیداری و خزمەتگوزاری ڕاپەڕین هەیە.

ڕانیە، قەڵادزێ، پشدەر و بیتوێن و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بەگشتی، لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمڕۆش بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی و بەڕێز قوباد تاڵەبانی، قۆناغێکی نوێ لە خزمەتکردن بەڕێوەیە و بەشداری ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان لە پرۆسەی بڕیاردانداا ئامانجیەتی و بەرنامەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ دەکات.

هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ، هێشتا چاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمە، بەغدادیش پرسی سەرۆکی کۆمار و حکومەتی نوێی لەبەردەمە. لەم هەلومەرجەدا هیچ شتێک بە ئەندازەی یەکدەنگی کورد و کۆدەنگی نیشتمانی گرنگ نیە. ڕاپەڕینی بەهاری ئازادی فێری ئەوەی کردین: کاتێک کورد یەکڕیز بن هیچ ئاستەنگێک نایانوەستێنێت.

داوا لەهەموو لایەنە سیاسیە نیشتمانییەکان دەکەین کە دۆسیەکانی مافی دەستوری هەرێم، نەوت و بودجە، مووچە و پەیوەندی هەولێر و بەغداد بە یەکدەنگییەوە بەڕێوەببەن. دانوستانی نێوان لایەنەکان دەبێت خزمەتی بەرژەوەندی خەڵک بکات نەک بەرژەوەندی حزبی و کەسی. ئیدارە و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم دەبێت هەرچی زووترە کار و چالاکییان دەستپێبکاتەوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری هاوڵاتیان نەوەستێت. با هەموومان پێکەوە، بە گیانی ڕاپەڕین، بەرەو داهاتوویەکی گەشتر هەنگاو بنێین بۆ بەدیهێنانی خەونە وەدینەهاتووەکانی شەهیدان.

درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

سڵاو لە تێکۆشەرانی دوێنێ و ئەمڕۆی کۆڕی خەبات و بەرخودانی نیشتمانی.

**مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین**

**ڕانیە — ٥ی ئازاری ٢٠٢٦**

# چالاکییە جەماوەرییەکانی 35 ساڵیادی ڕاپەڕین ڕادەگیرێن

ئامادەکردنی: بەرهەم فەهمی



ئەمڕۆ ٥ی ئازاری ٢٠٢٦ بڕیار بوو لە ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕینی بەهاری ئازادیدا، زنجیرەیەک چالاکی لە ڕانیە و دەڤەرەکەدا بەم بۆنەیەوە بەڕێوەبچێت، بەڵام بەهۆی پێشهاتە ناوچەییەکانەوە، حسێن مەحمود قائمقامی قەزای ڕانیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: هیچ چالاکی و کەرنەڤاڵ و گردبونەوەیەکی جەماوەری ئەنجام نەدرێت. ڕوونیکردەوە: ئامانج لە ڕاگرتنی چالاکییە جەماوەرییەکان بۆ پارێزگاریکردنە لە سەلامەتی هاوشاریان و هاوڵاتیانی دەڤەرەکە. وتیشی: دەستخۆشی لە ستافی کار و هەماهەنگی لیژنەی یادەکە دەکەم.

«ڕۆژی ڕاپەڕین» وەک دیکۆمێنتێک تایتڵێ سەرجەم چالاکییەکان وەک خۆیان دەهێڵێتەوە.

### بەیانی مزگەوتی ناجییەخان: لەوێ یەکەم گوللە تەقێندرا

لە کاتژمێر ٩ی بەیانی مەراسیمەکە لەبەردەم مزگەوتی ناجییەخان دەستپێدەکات، ئەو شوێنەی کە یەکەم گوللە و یەکەم دەستڕێژی بەرامبەر بە بەعسییەکان تێداکرا و بووە بە سیمبولی ڕابوونی مەزن. لەم مەراسیمەدا وتاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین لەلایەن جەزا سەید مەجید سەرپەرشتیاری مەڵبەند دەخوێندرێتەوە و دواتر سروودەکانی دەمی ڕاپەڕین و کوردم و کوردستانیم لەلایەن تیمی ئامادەکراو کۆرس پێشکەش دەکرێن.

### کاتژمێر ١٠ مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین: وتار و هونەر و ڕاگەیاندنی قۆناغی دووەم

کاتژمێر ١٠ مەراسیمەکە دەگوازرێتەوە بەردەم مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین. لەوێ وتاری لیژنەی باڵای ٣٥ ساڵەی یادی ڕاپەڕین لەلایەن قائیمقامی قەزای ڕانیە سەرۆکی لیژنەکە دەخوێندرێتەوە. چوار بەرهەمی هونەری تایبەت بە یادەکە پێشکەش دەکرێن کە لەلایەن پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕانیە ئامادەکراون. هەروەها قۆناغی دووەمی دروستکردنی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین بەفەرمی ڕادەگەیەنرێ و دواتر نمایشی پاراگلایدەر لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ئەنجامدەدرێ. لەبەشی کۆتاییدا تاجەگوڵینەکانی ڕێز و وەفاداری لەسەر مۆنۆمێنتەکە دادەنرێن و ئامادەبووان بەشە جیاکانی مۆنۆمێنتەکە و پێشانگەی شەهیدان و یاد و بیرەوەرییەکان بەسەردەکەنەوە.

### کاتژمێر ١١ سەردانی گۆڕی شەهیدانی ڕاپەڕین

لە کاتژمێر ١١ مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین و تێکۆشەرانی دەڤەرەکە سەردانی گۆڕی شەهیدانی ڕاپەڕین دەکەن و تاجەگوڵینەی وەفاداری لەسەر گڵکۆکانیان دادەنرێت، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا درود و سروودی وفاداری خۆیان ئاڕاستەی گیانە پاکەکانی شەهیدان دەکەن.

### پاش نیوەڕۆ بەردەم مزگەوتی ناجییەخان: ٥٠ ڕەشماڵی کەلتووری و چالاکی

لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بەرنامەکان بۆ جاری دووەم دەگەڕێنەوە بەردەم مزگەوتی ناجییەخان. چەندین چالاکی هونەری و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی پێشکەش دەکرێن. پەنجا ڕەشماڵی کەلتووری و خێوەتگەی هونەری دادەنرێن لەلایەن خوێندکاران و گەنجانەوە چالاکی جۆراوجۆریان تێدا نمایش دەکرێت. هەروەها پێشانگەی شەهیدان و یادی ڕاپەڕین و پێشانگەی شێوەکاری لەناو بازاری گشتی ڕانیە دەکرێنەوە، لەگەڵیدا تیمێکی خۆبەخشی نەخۆشخانەش چەند چالاکییەکی تەندروستی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن.

### کاتژمێر ٤ مۆنۆدراما لەناو بازاری ڕانیە

کاتژمێر ٤ی ئێوارە، مۆنۆدرامایەک لەناو بازاری ڕانیە پێشکەش دەکرێ، ئەم شێوازە لە نمایشکردنی هونەری شانۆ لەناو بازار دەرفەتێکی گەورە بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی هونەر و خەڵک دەڕەخسێنێ.

# یەکێتی سەرمەشقی ڕاپەڕین و هەوێنی کۆدەنگی نیشتمانی و ئامرازی خزمەتکردنی خەڵکە




جەزا سەید مەجید - ئەمندامی سەرکردایەتی و سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ ی رێکخستنی راپەڕین

**ڕۆژی ڕاپەڕین — دیداری تایبەت**

له ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ٥ی ئازاری ١٩٩١دا کە لە ڕانیەی پایتەختی ئازادییەوە چەخماخەی دا، هەڤاڵ جەزا سەید مەجید ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین، لە دیدارێکی تایبەت بە "ڕۆژی ڕاپەڕین" جەخت لە ئاوەدانی و گەشەپێدانی زیاتری ئیداری و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەڤەری ڕاپەڕین دەکاتەوە و ئامانجی گۆڕانکارییە ئۆرگانیکیەکانی ناو یەکێتی وەک درێژەدان بە ڕوحیەتی گۆڕانکاری لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ قۆناغی داهاتوو ڕووندەکاتەوە.

سەرپەرشتیاری مەڵبەند جەختی لەوە کردەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ڕێبازی ڕابەری گەلەکەمان سەرۆک مام جەلال، ئەمڕۆ بە سەرۆکایەتی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی لەهەر کاتێک زیاتر هەوێن و سەرمەشقی بەدیهێنەر و چەسپاندنی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری تەندروستە. لەدوای کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی، لەسەر دەستی سەرۆک بافڵ تاڵەبانی گۆڕانکارییەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئۆرگانیکی بنەڕەتی لەناو یەکێتییدا ڕوویداوە و یەکێتی ئێستا یەک دەست و یەک تیم ڕوبەڕووی ئاستەنگەکان بووەتەوە. سەنگ و پێگەی ئێستای کورد لە هەرێم و بەغداد و ڕۆژئاڤا و ناوچەکە بەگشتی، دەرەنجامی ئەو ڕۆڵ و گۆڕانکارییە واقیعبینانە و پراکتیکیانەیە، چەند ساڵێکە لەسەر ڕێبازی سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی ئەنجامدراون. لەیەکێتیدا ئەوەی ئامانجە تەنها و تەنها خەڵک و خزمەتکردنی میللەتەکەمانە.

سەید جەزا لە درێژەی قسەکانیدا ڕوونیکردەوە: دوای ئەوەی فاشیەتی حکومەتی پێشووی عیراق لە پرۆسەی ئەنفالدا گەیشتە لوتکە، کە بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتی و یاساییەکان جینۆسایدی گەلی کورد بوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وێڕای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوەکان لە ١٩ی ئاداری ١٩٨٨ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە میللەتەکەمان دڵنیادەکەینەوە ئەم شەڕە خاڵی وەرچەرخان دەبێت لەجەنگی ٢٧ ساڵەی گەلی کورد و جەیشی عیراقی. ئەو بەیاننامەیە یەکەم زەنگی ئامادەکاری بوو بۆ قۆناغێکی نوێی خەبات کە دواجار خۆی لە بەرپاکردنی ڕاپەڕین و سەرخستنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ئازادی و ڕزگاریدا بینییەوە. هەر بۆیە ڕاپەڕین زادەی خەباتی نەپساوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشەکەی بوو بەپشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە دواجار گۆڕانکارییەکی گەورە و ناوازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری لە باشووری کوردستان و عیراق و ناوچەکەدا بەدوای خۆیدا هێنا. لەم ڕۆژە پیرۆز و مەزنەدا لەگەڵ دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش درود بۆ گیانی پاک و پیرۆزەی شەهیدانی ڕاپەڕین و تێکڕای شەهیدانی کوردستان، دووپاتی دەکەینەوە کە تەواوی تواناکانمان لەپێناو بەدیهێنانی خەونە وەدینەهاتووەکانی شەهیدان تەرخان دەکەین.

سەرپەرشتیاری مەڵبەند دەربارەی هەوڵەکانی یەکێتی بۆ فراوانکردنی ئازادییەکان و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانەئاراوەی حوکمی ڕەشید گوتی: ئازادییەکان یەکێک لەو بنەماجێگرو بنەڕەتیانەن کە یەکێتیان لەسەر دامەزراوە، هەربۆیە یەکێتی لەکوێ بێت ئازادی لەوێیە. یەکێتی حزبی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەو هەموو ڕۆژو قۆناغە جیاکانە، ڕەخساندن و فەراهەمکردنی ژیانێکی پڕ لە شانازی و شەرەفمەندانە بۆ هاوڵاتیان لەژێر سایەو سێبەری دەستوور و یاسادا ئامانجمانە.

لەمبارەیەوە وتیشی: هەوڵەکانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و تیمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە حکومەتەکانی هەرێم و فیدراڵ و سەرکردایەتی لەپێناو ژیانێکی شایستەتر و ئیدارەیەکی هاوسەنگدا نادیدەنەگیراون. حکومەتی نوێی هەرێم و عیراق حکومەتێک بن بەشێوەیەکی بنچینەیی کێشەی مووچە و پرسەکانی پەیوەستە بە ژیان و گوزەرانی خەڵک و نێوان هەرێم و عیراق یەکلایی بکەنەوە — ئەمە هەواڵ و کارنامەو ئامانجی یەکێتییە کە جەنابی کاک قوباد تاڵەبانی سەرکردایەتی دەکات. سەردەمی تاکڕەوی و جیاکاری و جیاوازیکردن لە چنینەوەو دابەشکردنی داهات و بەروبوم کۆتایی پێهاتووە و یەکدەنگی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان، پەیامی ڕاپەڕینی بە هاری ئازادی ١٩٩١ و هەمووان دەبێ بەرەو کۆدەنگی نیشتمانی بەرێت.

"هیوادارین (٣٥) ساڵیادی ڕاپەڕین، ببێتە هەوێنی یەکڕیزیی نیشتمانی و دۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و بژێوی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک بەرێتە ئاستێکی باشتر و سەقامگیری پێویست و شایستەتر"

کاتێک سەبارەت بە ڕەوشی ئیداری و خزمەتگوزاری دەڤەری ڕاپەڕین هاتە قسە، سەید جەزا گوتی: دەڤەری ڕاپەڕین ناوچەیەکی گرنگی مرۆیی و جوگرافی و گەشتوگوزاری و ئاژەڵداری و ئاو و خاک و مەناخێکی بەپیت و بەرەکەت و سەرنجڕاکێشی هەیە. ئێمە لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی و بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم بەردەوام لەهەوڵداین تا ئاستی خزمەتگوزارییەکان و وەبەرهێنانی هەمەلایەن لەم سەروەت و سامانە هەمەڕەنگەی دەڤەرەکەدا بەرز بکەینەوە، بێگومان لەقازانج و بەرژەوەندی خەڵکە خۆڕاگر و قوربانیدەرەکەی.

سەرپەرشتیاری مەڵبەند ڕوونیکردەوە، لە دەڤەرەکەماندا بەدەیان پڕۆژە و کارگەی گەورە و بچووک هەن، هەروەها سەدان شوێنکاری سنورداریش هەن و گەشەی ئیداری و دامەزراوەیی بەردەوامە. هەموو ئەمانە پێکەوە کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەخساندن و دەستەبەری زیاتری بژێوی ژیان و خۆراکی دروستکردوە. بەڵێ بەدەیان پڕۆژەی تەواونەکراویش هەن کە بەهۆی قەیرانە جیاکانەوە وەستاون و مایەی نیگەرانی ئێمە و هاوڵاتیانی سنورەکەمانن و داواکارین حکومەتی نوێ، ئاوڕێکی جیدی لە دەڤەرەکە بداتەوە. لەم ڕۆژە پیرۆزەدا خەڵکی ڕەنجدەر و تێکۆشەری ڕاپەڕین دڵنیا دەکەینەوە هەرچییەک بکەوێتە خانەی خزمەت بە گەشەپێدانی ئیدارەی ناوچەکە و خزمەتکردنی خەڵکە خۆشەویستەکەی ڕاپەڕین، نوێنەرایەتی و کار بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی دەکەین.

له دەڤەرەکەماندا بەدەیان پڕۆژە و کارگەی گەورە و بچووک هەن، هەروەها سەدان شوێنکاری سنورداریش هەن و گەشەی ئیداری و دامەزراوەیی بەردەوامە

سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین لە کۆتایی دیدارەکەدا جەختیکردەوە: یەکێتی سازش لەسەر بەها باڵا نیشتمانییەکان و مافی خەڵک ناکات. لە کابینەی نوێی حکومەتیشدا وەڵامدەرەوەی خواست و داواکارییە ڕەواکانی خەڵک دەبێت. پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک نائومێدییەکان دەرەوێنینەوە و سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکەین. هەموو هەوڵەکانیشمان لەو پێناوەدان، چونکە ڕێگە ڕاستەکە ئەمەیە و کۆمەڵانی خەڵک ئەمەیان دەوێت و ئێمەش هەر ئەوە دەکەین کە خەڵک دەیەوێت. ئەمە هەم لەسەر ئاستی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی ناوچەکەی خۆیشمان هەر ڕاستە. یەکێتی سەرمەشقی ڕاپەڕین و هەوێنی کۆدەنگی نیشتمانی و ئامرازی خزمەتکردنی خەڵکە.

## 17 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا: چۆن دوو فریکوانسێک ڕاپەڕینیان جۆشدا

# دەنگی گەلی کوردستان: ئەو ئێزگەیەی کە بووە سەنگەری بێسیم و مایکرۆفۆنی ڕاپەڕین



ڕاپۆرتی: محەمەد ڕەسوڵ

لە ١٧ی شوباتی ١٩٩١، لە گوندی زەڵێی سنووریی بڕیارێکی چارەنووسساز درا: ڕادیۆیەکی گەڕۆک لەسەر شەپۆلی ٤١ مەتر دامەزرا. هاوکات لە سەقز ڕادیۆی ناوەندی لەسەر ٧٥ مەتر بەردەوام بوو. بۆ ماوەی ١٧ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا ئەم دوو فریکوانسە بە نۆرە دەنگی شۆڕشیان دەگەیاندە سەرانسەری کوردستان. ئەمڕۆ، لە ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕیندا، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژانە و دەپرسین: ئەو دەنگە چۆن بووە چەکێکی بێوێنە؟

### خشتەی پەخشکردن ١٧ کاتژمێری بێوچان

٧ تا ١٠ی بەیانی: شەپۆلی ٧٥ مەتری سەقز • ١٠ی بەیانی تا ١ی پاش نیوەڕۆ: شەپۆلی ٤١ مەتری زەڵێ • ١ تا ٣ی عەسر: شەپۆلی ٧٥ مەتری سەقز • ٣ تا ٧ی ئێوارە: شەپۆلی ٤١ مەتری زەڵێ • ٧ی ئێوارە تا ١٢ی شەو: شەپۆلی ٧٥ مەتری سەقز.

### لە ناوگۆڕینەوە تا ناوبانگ: مێژووی سێ ناو

دەنگی گەلی کوردستان سێ ناوی هەبوو و هەر ناوێک قۆناغێکی جیاوازی مێژووی خەبات بوو. لە سەرەتادا بەناوی «دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دەستی بە پەخشکرد دەنگی هەمووانیش بوو. دوای مانگێک ناوەکەی گۆڕا بۆ «دەنگی شۆڕشی عیراق» دەنگی شۆڕشێکی فراوانتر. لە ١٩٨٤ەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین، بووە «دەنگی گەلی کوردستان» دەنگی گەل بەگشتی. ئەم گەشەیە لەناودا تەنها گۆڕینی ناو نەبوو بەڵکوو گوزارشتی گەشەسەندنی بیر و ستراتیژی نوێی خەباتی یەکێتی بوو.

### مەفرەزەی گەڕۆکی ڕاگەیاندن: ڕادیۆ وەک پێشمەرگە

لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا ئەم ئێزگەیە وەک مەفرەزەکانی پێشمەرگە هەنگاو بە هەنگاو لە جوڵەدا بوو و لە شوێنێکدا نەدەوەستا. لە نۆکانەوە بۆ توژەڵە، لە گردی مامەوڵاوە بۆ زەڵێ، لە باوزێوە بۆ بەرگەڵو، لە دۆڵەکۆگەوە بۆ سەقز و گەلاڵە و چوارتا و سلێمانی بەردەوام لە جوڵەدا بوو. ئەم جوڵە بەردەوامە نەیهێشت دوژمن بتوانێت تەشویشی بخاتە سەر و دەنگی بخنکێنێت.

### سێ زمان، سێ گوتار، یەک دەنگ

دەنگی گەلی کوردستان گوتارێکی فرەڕەهەندی پێشکەش دەکرد کە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزرابوو. یەکەم: گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کە جەختی لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد و دیموکراسی بۆ عیراق دەکردەوە. دووەم: گوتاری کۆمەڵایەتی و جەماوەری کە باسی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی خەڵکە هەژارەکان دەکرد. سێیەم: گوتاری ڕۆشنبیری و هزری کە گرنگی بە پەروەردە و خوێندن و هونەر و ئەدەب دەدا. پێکەوە گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی دروست کرابوو. سروودە وروژێنەرەکان و هۆنراوە و بانگەوازەکان بە سێ زمان پەخش دەکران و کاریگەرییەکی قووڵیان هەبوو.

> " دەنگی گەلی کوردستان لە نۆکانەوە بۆ توژەڵە، لە باوزێوە بۆ بەرگەڵو بەردەوام لە جوڵەدا بوو و دوژمن نەیتوانی بیخنکێنێت "

### لە کارەساتی ئەنفالەوە بۆ ئامادەبوونی ڕاپەڕین

دوای کارەساتی ئەنفال لە ١٩٨٨دا، سەرکردایەتی یەکێتی نەیهێشت دەزگای ڕاگەیاندن لەکار بکەوێت. لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٨دا دوای پاشەکشەی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی، مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا بە متمانەوە ڕایگەیاند: «ئەم شەڕە دەستپێکی وەرچەرخانێک دەبێت لە جەنگی ٢٧ ساڵەی گەلی کورد و جەیشی عیراقیدا کە بە قازانجی گەلەکەمان تەواو دەبێت.» ڕادیۆ بووە سەرچاوەی گەیاندنی ئەم ڕاستییە و هەواڵ و سازدان و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک.

لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت، یەکێتی دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی نوێ. لەسەر هەموو ئاستەکانی ڕاگەیاندن و پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن و جەماوەری پلانی دارشت: بەهێزکردنی ڕەتڵی پارتیزانەکان، پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشار، هەماهەنگی نێوان شار و پارتیزانەکان، و دروستکردنی شانەی چەکدار. یەکێتی پەیامی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیشی بڵاوکردەوە بانگەوازێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کوردستان بە هاووڵاتی و پێشمەرگە و جاش و کۆی گشتی چەکدارەکانی ڕژێمەوە، داوای یەکخستنی ڕیزەکانیانی دەکرد لەبەرامبەر بەعسدا تا تۆڵەی ٣٥ ساڵەی ئەو هەموو تاوانە لە بەعس بکەنەوە.

### هێزی گەیاندن: ژمارەکان قسە دەکەن

دەنگی گەلی کوردستان توانی پەیامی ڕاپەڕین بگەیەنێتە: ١٢ بەتالیۆنی نیمچەنیزامی سەر سنوورەکان و ٥٢٠ پارتیزان لە سەرانسەری کوردستان و ١٢٠ کادری سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لە ناوشار و ئۆردوگاکان و ٧٠٠٠ تێکۆشەر لە ڕیزی شانەچەکدارەکانی شاڵاو و بروسک و چەند هەزار کەس لە هێزی پشتگیری ناو ئاوارەکانی ئێران. ئەم هێزە یەکگرتووە توانی لەڕێگەی ئەم دەنگەوە هەماهەنگی و پەیوەندی بەهێزی نێوانیان بپارێزێت و ڕێنماییەکانی ڕاپەڕین و سەرکردایەتییەکە بگەیەنێت.

### دەنگی ئازادی لە کەرکووکەوە

لەکاتی ڕزگارکردنی شارەکانی نزیک کەرکووک وەک چەمچەماڵ و دووزخورماتوو و قەرەهەنجیر، دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە جۆشدانی خەڵک و هێزی پێشمەرگە. بە کوردی و عەرەبی هاواری دەکرد «کەرکووک کوردستانە، کەرکووک قودسی کوردستانە!»

### بۆچی خەڵک تەنها متمانەیان بەم دەنگە بوو؟

چەند هۆکارێک وایانکرد خەڵک متمانەی تەواویان بە دەنگی گەلی کوردستان هەبێت. یەکەم: نەبوونی باوەڕ بە ڕادیۆی ڕژێمی عیراق کە داستانی «ام المعارک»ی بڵاودەکردەوە. دووەم: بێهێزی ئامێرەکانی تەشویشی بەعس. سێیەم: لاوازی ڕادیۆکانی دیکەی بەرەی کوردستانی ڕادیۆی پارتی بەناوی دەنگی کوردستانی عیراق بە زمانی بادینی بوو و خەڵکانێکی زۆر تێینەدەگەیشتن، ڕادیۆی سۆشیالیست لای پەکەکە بوو. بەرامبەر ئەمانە، دەنگی گەلی کوردستان بە سروودی وروژێنەر و بانگەوازی حەماسی و خوێندنەوەی بەیاننامە بە سێ زمان، بووە یەکەم و دوایین متمانەی جەماوەر.

> " لێبوردنە گشتییەکە و خوێندنەوەی بەردەوامی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە بەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە مێژووییەدا "

### یەکڕیزی و لێبوردن: نهێنیی سەرکەوتن

گەورەترین بەرهەمی پێکهاتنی لایەنە کوردستانییەکان و جۆشدانی جەماوەری ئەوە بوو کە هیچ شەڕ و ئاژاوەیەک ڕوونەدا لەسەر دەستکەوت و بینای حکومی و جوڵە و چالاکی ئەو هەموو لایەنە و جەماوەرەدا. خاڵە بەهێزەکانی ڕاپەڕین بەتەنیا ئەو دەرفەتە لەبارە نەبوو بەڵکوو تەبایی نێوان سەرکردایەتی لایەنە کوردستانییەکان و پێکهاتنیان لەسەر نەخشە و پلانێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەر بوو.

پێش ڕاپەڕین پەیامی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بڵاوکرایەوە کە داوای یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کوردستانی دەکرد بە هاووڵاتی و پێشمەرگە و جاشەوە بۆ تۆڵەی ٣٥ ساڵەی ئەو هەموو تاوانە لە بەعس. لێبوردنە گشتییەکەی بەر لە ڕاپەڕین و خوێندنەوەی بەردەوامی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ڕۆڵی گەورە و گرنگی گێڕا لە بەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە مێژووییەدا.

### ٣٥ ساڵ دواتر: میراتی دەنگ

ئەمڕۆ لە ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەماندا، ڕوونتر دەردەکەوێت کە دەنگی گەلی کوردستان نەک تەنها مێژووی تۆمارکرد بەڵکوو بەشێکی گرنگ و جیانەکراوە بوو لە دروستکردنی ئەو مێژووە پڕشکۆیەی کە ئەمڕۆ شانازی پێوە دەکەین و وەک میراتێکی نەتەوەیی دەیپارێزین. ئەم ئێزگەیە بووەتە نموونەیەکی جیهانی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ گۆڕینی شکست و ستەم و داگیرکاری گەورە بۆ سەرکەوتنێکی مەزن و مێژوویی لەڕێگەی دەنگێکەوە کە نەوەستا تاگەلێک ڕاپەڕی و سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

## سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین:

# ڕانیە و ڕاپەڕین لەسەرجەم بوارەکاندا دەبەینە قۆناغێکی پێشکەوتووتر



**دیداری: مستەفا محەمەد**

سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین لە دیمانەیەکی تایبەتدا هەم پەیام و هەمیش وەڵامی چەند پرسێکی تایبەت بە ئیدارەکەی دایەوە و ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەی خواستی زیاترمان هەیە بۆ خزمەت، بێگومان لەم چەند ساڵەی دواییدا خزمەتی بەرچاو لە کەرتە جیاوازەکاندا لە دەڤەری ڕاپەڕین و بەتایبەتیش لە ڕانیە دەروازە بە ئەنجام گەیشتووە.

هیوا قەرەنی - سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادە مەزنەی ئاڕاستەی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، زیندانیانی سیاسی، کەمئەندامانی سەنگەر و سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین کرد، هەروەک چۆن وتی لەم یادە پیرۆزەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنەوێنم.

بەگوتەی هیوا قەرەنی: ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی گرنگی گەلی کوردستانە، چونکە ئەو ڕاپەڕینە مەزنە بوو کە بەرهەمەکەی هێنانە ئارای پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و بەدیهاتنی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بوو. ئەو پێیوابوو ئەگەر لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە وورد بینەوە دەبینین کە ڕاپەڕین چ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر میللەتەکەمان هەیە و دەبێت. نمونەشی بە بەرخودانی ڕۆژئاڤا هێنایەوە و ڕایگەیاند: لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان، ڕووداوەکانی ڕۆژئاڤای کوردستان و ئەو گەمارۆییانەی کە لەسەر ئەم پارچەیەی نیشتمان هەبوو دەریخست کە ئازادی لەهەر پارچەیەکی کوردستان هەبێت، گومانی تێدانیە دەبێتە هێز و وره و مەشخەلی ئازادی بۆ براکانمان لە ڕۆژئاوا و کورد لەهەرکوێیەکی دنیا هەبن. ئەو پاڵپشتی و پشتیوانییەی کوردان لە باشوور ئەوەی سەلماند کە چەندە گرنگە پشتیوانی لەمانەوەی ئەم قەوارەیە بکەین.

سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین هیواشی خواست ڕۆحیەتی ڕۆژانی ڕاپەڕین بگەڕێتەوە بۆ میللەتەکەمان، چونکە ڕاستی ڕۆحیەت و پەیامی گەورەی ئەو دەورانە بۆ ئەمڕۆشمان گرنگ و پڕبایەخە کە ڕۆحیەتی یەکڕیزی و تەبایی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی نیشتمانی بوو بەرامبەر بە سەرسەختترین دوژمانەکانمان، بۆیە پێیوابوو ئێستاش پێویستیمان بە هەمان ئەو هەڵوێستانە هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵەنگارییانەی هەن و دەبنە پێشهات.

سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین لەبارەی کاروانی ئاوەدانی ڕانیە و ڕاپەڕین، نەیشاردەوە کە لەکاتێکدا یادی سی و پێنج ساڵەی ڕاپەڕین دەکەینەوە، بەداخەوە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە ئەوەی هەیە و کراوە و بەدەستهاتووە، لەجێی خواست و ویستی ئەواندا نەبووە. پێی وابوو کە: چواردە ساڵی بەردەوامە قەیرانێکی سەختی دارایی، شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا و بڕینی بودجە و کەمی داهات و کەمی نەختینە، کاریگەری زۆری لەسەر کاروانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری کوردستان و بەتایبەت دەڤەری ڕاپەڕین هەبووە. بەڵام پێشی وابوو: هەموو ئەمانە نەبونەتە ڕێگر تا دەستەوەستان بین، بەڵکوو بەشێوەیەکی بەردەوام داواکانی خەڵکمان کردۆتە پاکێجی خزمەتی کار و ڕایەڵەی خواستی هاوڵاتیانی دەڤەرەکە و ئەوەی پێویست بووە لە خزمەتگوزاری سەرەتایی پێشکەش بە ڕاپەڕین کراوە.

هیوا قەرەنی پێیوابوو لە ساڵی ڕابردووەوە لە شاری ڕانیە کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگ کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر لە دروستکردنی چەندین شەقامی تازە، لە گەیاندنی تۆڕی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و بینای نوێی خوێندن و پڕۆژەکانی تر بۆ چەند گەڕەکێکی نوێ لە شارەکەدا.

گشتگیرتریش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هاوتای ڕانیە، لە کۆی ناوچەکەشدا لە قەڵادزێ، ئیسێوە، سەنگەسەر، سەروچاوە، حاجیاوا و چوارقوڕنە و شکارتە و تەواوی سنوورەکە، لە هەموو ئەو جێیانە هەوڵدراوە سەرباری ئەو دۆخە داراییە، خزمەتگوزارییەکان بەردەوامیان هەبێت و بگرە خزمەتگوزاری نوێش بهێننە ئاراوە.

ئەو ووتی: بەشێوەیەکی گشتی توانراوە لە بواری وەبەرهێناندا لەدەڤەری ڕاپەڕین و ڕانیە جوڵەیەکی باش هەبێت و قۆناغێکی گەشەسەندوو ببینین، ئەمەش وایکردووە هاوشان لەگەڵ پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، لە کەرتی گشتیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەتایبەتیش خزمەتگوزاری ڕێگەوبان گۆڕانکاری زۆرباشی بەخۆیەوە دیوە. ئومێدیشی خواست کە لە ئاییندەدا کۆمەڵێک پڕۆژەی دیکەی گرنگی ستراتیژی جێبەجێ بکەن.

### دووسایدکردنی ڕێگەی دەربەند ژاراوە. لەم ساڵدا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە

لەبارەی کارنامەی ئەمساڵ بۆ خزمەتی زیاتری دەڤەرەکە، سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین ئاماژەی بە چەند پڕۆژەیەکی گرنگ کرد. لەوانە بە دووسایدکردنی ڕێگای دەربەند ژاراوە. لەم بارەیەوە ووتی: ئەم پڕۆژەیە خۆشبەختانە توانیویانە ساڵی ڕابردوو ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەربگرن و لە ئەم ساڵدا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەروەک ووتیشی: کاری باش و جدی کراوە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی ئاوی دەربەند و وامان کردووە بەهەر شێوازێک بێت ئەم پڕۆژە گرنگە تەواو بکرێت کە وادەکات گرفتی ئاو بۆ ڕانیە، حاجیاوا، چوارقوڕنە چارەسەر بکات و لە قۆناغی یەکەمیشدا ناحیەی سەرکەپکان و شارەدێی بۆسکێن سودی لێ دەبینن.

### لەداهاتوودا جوانترین پڕۆژەی گەشتیاری لەسەر ئاوی قولە دروست دەکەین

لەبارەی گرنگی ئەم پڕۆژەیە ڕوونکردنەوەی زیاتریدا و وتی: ئەم پڕۆژەیە بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەویش کاریگەر دەبێت کە بە کارابوونی، لەداهاتوودا ئەو بیرانەی بۆ ئاوی خواردنەوە سودیان لێوەرگیراوە دابخەین.

هەروەها بۆ کەرتی گەشتیاریش گرنگە، چونکە کاتێک پڕۆژەکەی دەربەند دەکەوێتە ئیش، دەتوانین جوانترین پڕۆژەی گەشتیاری بە دیزاینێکی زۆر جوان و سەردەمیانە لە شاری ڕانیە لەسەر ئاوی قولە دروست بکەین کە لە سەرچاوەی ئاوەکەوە بەدرێژایی دەیان دۆنم زەوی کۆڕنیش و هۆتێل و پڕۆژەی خزمەتی گشتی لە بواری گەشتیاریدا لەخۆدەگرێت.

باسیشیکرد: کاری جدی و باشکراوە بۆ لابردنی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی جێبەجێکردنی نەخۆشخانەی ٢٩١ قەرەوێڵەیی ڕانیە. بە ئومێدێکی زۆرەوە پێی ڕاگەیاندین کە بەپێی ئەو لیژنانەی بۆ ئەو پڕۆژەیە پێکهاتووە، دەتوانین دڵنیایی بدەین کە کارەکانی دەست پێدەکاتەوە و بە تەواوبوونیشی بۆشاییەکی زۆرباش لە خزمەتی تەندروستی بۆ ناوچەکە پڕدەکاتەوە.

ووتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگی تری خزمەتگوزاری لە سەرجەم قەزا و ناحیەکانی دەڤەری ڕاپەڕین لە شەقام و ڕێگاوبان و جوانکاری شارەکان دەچنە بواری جێبەجێکردن کە زۆرینەیان ڕێکارە یاساییەکانیان بڕیوە و هەندێکیشیان لە قۆناغی تەندەریندان و بانگەوازیان بۆ دەکرێت تا بدرێنە بەڵێندەر، کە بە دڵنیاییەوە بە تەواوبوون و جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەش کاروانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی لە ئیدارەی ڕاپەڕین هەنگاوی خێرا دەبڕین و بەشێک لە داوا و خواستی هاوڵاتیانی سنوورەکە پڕدەکەنەوە.

سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕایگەیاند: بەشێوەیەکی گشتی دەمانەوێت بواری وەبەرهێنان لە ڕانیە و تەواوی شار و شارۆچکەکان ببەینە قۆناغێکی باشترەوە، وە ڕێگەوبانەکانمان باش بکەین و چەند بەرزەپردێکیش بۆ شاری ڕانیە بخەینە خزمەتی هاوڵاتیانی خۆشەویستی دەروازەی ڕاپەڕینەوە تا لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا هەوڵبدرێت ئاستەنگەکانی هاتوچۆش لاببرێن و پێویستییەکانی پڕبکرێنەوە.

لەکۆتایی دیدارەکەشدا وتی: لەگەڵ هاوڕێکانم لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت لە بەڕێوبەرە گشتییەکان، لە بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئاستی ڕاپەڕین بە یەک تیم کاردەکەین کە ڕاپەڕین لەڕووی کەرتی گەشتیارییەوە بگەیینینە ئاستێک لە جێگەی خواست و ڕەزامەندی هەمولایەکمان بێت، لە خزمەتگوزارییەکانی ڕێگەسازی و قیر و کۆنکریتکردنی گەڕەک و شەقامەکانیش کاری بەردەوام و مکوڕ دەکەین، وە لەڕێی بواری بازرگانی و وەبەرهێنان و نیشتەجێ دەڤەرەکە ئاوەدانتر دەکەینەوە. ئەمەش دەبێتە مایەی ڕەخساندنی هەلی کاری زۆر بۆ چین و توێژەکانی ناوچەکەمان.

بەڕێزیان وتی: پلان و بەرنامەمان هەیە بە پاڵپشتی و پشتیوانی و چاودێری بەردەوامی خودی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئیش و کارەکانمان لەم سنوورە. ئومێد دەکەین کە لەم ساڵ و ساڵانی ئاییندەدا، پلان و بەرنامەکان بۆ گەش و فراوانبوونی تەواوی دەڤەری ڕاپەڕین لەخۆ بگرێ و بەڵێنیش دەدەین، هەرچی لەتوانامان‌دا بێت لەم بارەیەوە دریغی لێنەکەین.

> "ئازادی لەهەر پارچەیەکی کوردستان هەبێت، دەبێتە هێز و وره و مەشخەڵ بۆ پارچەکانی تر"

> "بە پاڵپشتی و پشتیوانی و چاودێری بەردەوامی قوباد تاڵەبانی، پلانی وردمان هەیە بۆ گەشەپێدانی دەڤەری ڕاپەڕین"

# قائیمقامی ڕانیە: قۆناغی دووەمی پڕۆژەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین بە پشتیوانی قوباد تاڵەبانی ئیحالەکراوە و بەردی بناغەکەی لە ساڵیاددا دادەنرێت

دیداری: بورهان ڕەمەزان

## ڕاپەڕین ڕێچکە و ڕێبازی میرخاسانە، دەبێت نەوەکانی دوای ڕاپەڕین لەیادی نەکەن

٣٥ ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێدەپەڕێت، ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی کە لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە شاری ڕانیەوە دەستیپێکرد و لە ٢١ی ئازاردا کەرکووکی قودسی کوردانی ئازادکرد. دوای تێپەڕینی سێ دەیە و نیو، ڕانیە لە ڕووی گەشەی مەعریفی و خزمەتگوزارییەوە وێستگەیەکی تر بەڕێ دەکات و هەمووان چاویان لە پێشکەوتنی زیاتریەتی.

حسێن مەحمود، قائمقامی قەزای ڕانیە پەیامی خۆی هەبوو و پیرۆزبایی لە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی سەنگەر و پێشمەرگە قارەمانەکان و تێکڕای خەڵکی سنووری دەروازەی ڕاپەڕین و تەواوی ئەو چین و توێژانەش کرد کە قوربانیان لەم پێناوەدا دا و بوونە بەشێک لە ڕەمزی بەرگری و سنبولی سەرهەڵدان و هەستانەوە و نەخشاندنی تابلۆی ئازادی و ئاوەدانی.

لەبارەی ئەوەی چیبکرێ بۆ ئەوەی ڕانیە بە مێژوو و سەروەریی و شەهید و قوربانیەکانیەوە بۆ نەوەکانی دوای ڕاپەڕین زیندوو بمێنێت، قائیمقامی ڕانیە ووتی: پێویستە ئەم یادە هەمیشە بەرز و پیرۆز ڕابگیرێت، چونکە ڕاپەڕینی ٥ی ئازار سەرەتای وەرچەرخانێکی بێوێنەیە بۆ تەواوی کوردستان کە شەرەفی ڕابەرایەتیکردنی بەر خەڵکی خەباتگێڕ و چین و توێژەکانی ڕانیەی پایتەختی ئازادی کەوتووە، بۆیە پێویستە ئەم ڕۆژە هەموو کات زیندوو ڕابگیرێت، چونکە ڕاپەڕین مامانی ئازادی و ژانی لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێ بوو.

حسێن مەحمود وتیشی: ئێستا بەدەیان نەوە و نەسلی نوێ لەدوای ڕاپەڕین هەن کە ئازارەکانی نیشتمان و زوڵم و ستەمی داگیرکەرانیان نەبینیوە و لەسایە و سێبەری ئازادیدا گەورەبوون، دەبێت لە زیهنیەتی ئەو نەوانەدا ڕاپەڕین بە زیندوویتی بمێنێتەوە و ڕێچکە و ڕێبازی ئەو میرخاسانەش لەیادنەکەن کە ژیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی وڵات.

لەبارەی ئاستی گەشە و پێشکەوتنی خزمەتگوزاری لە سەرجەم سێکتەرەکاندا دوای تێپەڕینی ئەو ماوە درێژە بەسەر ڕاپەڕیندا، قائیمقامی ڕانیە ڕایگەیاند: گومانی تێدانیە کە ئێستا ڕانیە لە کۆی سێکتەرەکان گەش و پێشکەوتنێکی باشی لە بواری ئاوەدانی لە سنوورەکەدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم کاروانی ئاوەدانییە هەر لە سێکتەری ئاو و ڕێگا و بان، تەندروستی و کارەبا، لە گەشەکردن لە بواری وەبەرهێنان، لە کۆی سێکتەرەکاندا دەبینرێت و بەرچاوە.

بەڕێزیان ووتی: ئەمەش بە پشتگیری و پشتیوانی جەنابی کاک قوباد تاڵەبانی بۆ ئیدارەی سنوورەکە کە سەرەڕای قەیرانی دارایی بە بەردەوامی پشتیوانی ئیدارەی ئەم ناوچەیەی کردووە، لە باشترین پێشنیارەکانیشی سودمان وەرگرتووە. بۆ نمونە لە بواری وەبەرهێناندا لەبەرامبەر ئەو زەویانەی بە وەبەرهێنەران دەدرێ کاری بەخشین ئەنجام دەدرێ تا ئەم شارە بەرەو گەشانەوە و ئاوەدانی زیاتر بڕوات، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بووە.




قائیمقامی ڕانیە زیاتر ڕوونیکردەوە: بە شاهێدی ئەوانەی سەردانی ئەم شارە دەکەن، ڕەنگدانەوەی باش بەسەر گەشەی ئاوەدانی ئەم شارەدا هاتووە، ئەمەش وای کردووە زۆرترین خواستی وەبەرهێنان هەبێت. جەنابی کاک قوبادتاڵەبانی ئیدارەی ناوچەکەی ڕاسپاردووە کە هەموو کارئاسانییەک بۆ وەبەرهێنان بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین پڕۆژەی وەبەرهێنان ڕوو لە ناوچەکە بکات و کاریگەری لە پێشکەوتنی ڕەوتی خزمەت بۆ چین و توێژەکانی ڕانیە پێ بچنینەوە.

لەبارەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین کە زۆربەی یادکردنەوەکان لەوێدا ئەنجام دەدرێن، قائیمقامی ڕانیە ڕایگەیاند کە پڕۆژەی مۆنۆمێنت وەک دامەزراوەیەکی فەرمی سەربەخۆ خواست و داوای کەس و کاری سەربەرزی شەهیدانی ڕاپەڕین و دڵسۆزانی شار و ڕوناکبیرانی دەڤەرەکە بووە. تائێستا تەنها قۆناغی یەکەمی تەواوکراوە و کارەکانی قۆناغی دووەم دەستیان پێکردووە.

بەڕێزیان ووتی: دەتوانم بڵێم بە پشتیوانی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم، خۆشبەختانە ئەم پڕۆژەیە ئیحالەکراوە و هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بڕیوە. ئێمە لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا قۆناغی دووەمی پڕۆژەی مۆنۆمێنت بە شێوەی داتاشۆ دەخەینە ڕوو و بەردی بناغەکەشی لەلایەن بەڕێز کاک قوباد تاڵەبانی دادەنرێت، کە لە داهاتوودا وەک پڕۆژەیەکی ناوازەی شار پێشکەش بە ڕانیە دەکرێت.

لەبارەی سایتپلانی پڕۆژەکەشەوە قائیمقامی ڕانیە زانیاری زیاتریدا: بەشی هەرەزۆری ڕووبەرەکەی سەوزاییە و جگە لە گەلەرییەکی تایبەت بە ئەرشیفی یادی ڕاپەڕین و شەهیدان و کەلوپەل و ئامێرە بەکارهاتووەکانی دەورانی ڕاپەڕین، هۆڵێکی گەورەی کۆبوونەوەش لەخۆدەگرێت کە زیاتر لە هەزار کەس جێ دەکاتەوە و بەشێوەیەکی سەردەمیانە بونیاد دەنرێت.

هەروەها گۆڕەپانێکی گەورەی یادەوەری کە توانای لەخۆگرتنی شەش هەزار کەسی دەبێت لەبەردەم مۆنۆمێنتەکەدا جێگیری دەکرێت، کە لەداهاتوودا دەکرێت بۆ فێستیڤاڵ و چالاکییەکانی زانکۆ و بۆنەکانی ڕاپەڕین و نەورۆز سودی گەورەی لێ ببینرێت. بەڕێزیان ووتیشی: بۆیە هیواداریین لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت.

---

### بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین:

# بە پشتیوانی قوباد تاڵەبانی، بۆردی وەبەرهێنان دامەزرا و 61 پڕۆژە پەسەندکراوە

ئامادەکردن: بێستوون عەلی

وێڕای ئەوەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کۆڵەکەیەکی ئابووری گرنگی بوژاندنەوەن، دەڤەری ڕاپەڕین و گەشەی ئابووری ناوچەکە دەبەنە قۆناغێکی نوێی پێشکەوتووترەوە، هاوکات کۆمەڵێک لایەنی تری ئەرێنی هەیە لە ڕەخساندنی هەلی کار و بەشداریشە لە ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاری. ئێستا بە هۆی قەیرانەکانەوە، بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکان لەسەر دەستی وەبەرهێنەران جێبەجێ دەکرێن، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە بە سەرمایەی نیشتمانی خزمەت بە وڵات و دەڤەری خۆت بکەیت.

شاهۆ مەلا نەجیم، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین، وێڕای پیرۆزبایی گەرمی خۆی بەبۆنەی یادی پڕشکۆی ڕاپەڕینەوە، بە ڕۆژی ڕاپەڕین›ی ڕاگەیاند کە بە پشتیوانی بەهێزی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆردی وەبەرهێنان لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی وەبەرهێنەران و کەمکردنەوەی ڕۆتین لەنێوان یەکە ئیدارییەکانی سنوورەکە دامەزراوە. ئەوەش کارئاسانی تەواوەتی کردوە بۆ بوژاندنەوەی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنەران بۆ وەگەرخستنی سەرمایەکانیان لە دەڤەری ڕاپەڕیندا، هەروەها ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکانیش بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان خێراتر بوو.

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین بە داتا و ئامار زانیاری گرنگ و دڵخۆشکەری ئاشکرا کرد و ئاماژەی بەوە کرد: وەبەرهێنان لە ئێستادا خاڵی وەرچەرخانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری و شارستانیبوون و گەشانەوەن، ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکییان هەیە لە گەشەکردن و کۆڵەکەی ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و جوڵە و گەشەی بازرگانی بەپاڵپشتی حکومەت لە دەڤەری ڕاپەڕیندا.

لەمبارەیەوە زیاتر دوا و وتی: لە ئێستادا پڕۆژەکانی وەبەرهێنان پاڵپشتییەکی گرنگن لە پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ سنوورەکە، چونکە لەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی پڕۆژەکانیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیمانەوە، وەبەرهێنەران سەرەڕای ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان لەگەڵیدا پڕۆژەی خزمەتگوزاریش جێبەجێ دەکەن، بەتایبەت بۆ ئەو سنوورەی کە پڕۆژەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت لەبەرامبەر وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ پڕۆژەکانیان. ئەم خزمەتگوزارییانەش خۆی لە چەندین پڕۆژەی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە کە پاڵپشتی تەواوەتی حکومەت دەکەن بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و بوژانەوەی دەڤەرەکە.

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین، ڕوونیکردەوە: پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کاریگەریی تەواویان هەیە لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیانی سنوورەکە چ بەشێوەی دەستیکاری کاتی، لەکاتی کارکردنی ڕۆژانەی پڕۆژەکە بێت یاخود بەشێوەی دەستیکاری هەمیشەیی لەدوای تەواوبوونی پڕۆژەکە و کرانەوەی بەڕووی هاوڵاتیاندا. بەمەش زیاتر لە هەزاران دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیانی سنوورەکە دەڕەخسێنێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.



شاهۆ مەلا نەجیم وتیشی: ئەگەرچی ڕەنگە لە تموحی ئەواندا نەبێت بەڵام دواجار پڕۆژەکانیش سنوردارن و ناتوانن دەرفەتی کاری تەواوەتی سنوورەکە پڕبکەنەوە بەڵکوو هاوکارن بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار. لەکاتێکدا لەم سنوورەدا کۆچکردنی گەنجەکانمان بۆ دەرەوەی وڵات لە ئاستێکی بەرزدایە. وەکو لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە شارستانیەت و پێشکەوتنی وڵات پێویستی بە تاقەی گەنجەکانمانە بەڵام دەرکەوتووە کە بەهۆی بێکاری و نەبوونی دەرفەتی کارەوە گەنجەکانمان لەم سنوورە کۆچی دەرەوەی وڵات دەکەن.

بەڕێز شاهۆ، نمونەی پڕۆژەکان و دەرفەتەکانی بەم شێوەیە خستنە ڕوو: ڕانیە مۆڵ (دەروازەی ڕاپەڕین): زیاتر لە ٨٠٠ دەرفەتی کار. پڕۆژەی سەوزە و میوەی حاجیاوا: زیاتر لە ١٢٣ دەرفەتی کار. فێرگەی برادۆست: زیاتر لە ١١٢ دەرفەتی کار. هەروەها داتا و ئاماری پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی بە دوو قۆناغ شرۆڤەکرد: قۆناغی یەکەم: پێش دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی (٢٠٠٥ ٢٠١٨) ماوە: ١٣ ساڵ (لە ٢٠٠٥/١/١ تا ٢٠١٨/١/١) ژمارەی پڕۆژە: ٢٠ پڕۆژە، کۆی گشتی سەرمایەکەی: (٣٧٠, ٦٥٣, ٦١٩, ٠٤٤) دیناری عیراقی.

قۆناغی دووەم: دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی (٢٠١٨ ٢٠٢٦). ماوە: ٧ ساڵ (لە ٢٠١٨/١/١ تا ٢٠٢٥/١٢/٣١). ژمارەی پڕۆژە: ٣٤ پڕۆژە. کۆی گشتی سەرمایە: (٢٩٧, ٥٧٩, ٨٦٢, ٤٨٣) دیناری عیراقی.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین باسی لەوەشکرد: ئەم قۆناغە لە ئەوجی پێشکەوتنیدایە چونکە ئاشنابوونی زیاتری وەبەرهێنەران بە کەرتی وەبەرهێنان و گرنگی وەبەرهێنان گەشانەوەیەکی تەواوەتی بە خۆوە بینیووە لە سنوورەکەدا، بەجۆرێک هەموو پڕۆژە پەسەندکراوەکان کە ژمارەیان ٦١ پڕۆژەیە سەرجەمیان لەدوای ساڵی ٢٠١٨ و لەدوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین پێشکەش کراون.

ئەو داتا و ئامارانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین، بەوپەڕی چالاکی و دڵسۆزی و لێبوردەییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێکردووە و هانی گەشەسەندنی کەرتی وەبەرهێنانیانداوە و بەشێکی باش لە پڕۆژەکانیش لە سێکتەری پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و گەشتیارین، کە لەداهاتوودا کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆ پێشخستنی ئەو سێکتەرانە لە دەڤەری ڕاپەڕیندا دەبێت. ئەمەش وایکردووە کە ئێستادا زیاتر لە ٧٥ داواکاری بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی نوێ و پڕۆپۆزەڵی نوێ لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە پێشکەش بکرێن.

## لەساڵی ٢٠٢٦دا زیاتر لە ٧٥ داواکاریی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی نوێ لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە پێشکەش کراون

## زانکۆی ڕاپەڕین: لە بڕیاری سەرۆک مام جەلالەوە بۆ یەکەمی کوردستان لە ڕانکی عەرەبی

# 9 کۆلێژ، ئەندامێتی یونیسکۆ، خوێندکاری نێودەوڵەتی و 600 ملیۆن دینار پڕۆژە لە یەک ساڵدا

ئامادەکردنی: شاجوان حەسەن

زانکۆی ڕاپەڕین کە لە ساڵی ٢٠١٠ لەسەر بڕیاری سەرۆک جەلال تاڵەبانی لە ڕانیە دامەزرا، تەنها هەوڵێکی پەروەردەیی نەبوو بەڵکوو کردەیەکی نیشتمانیش بوو. ناوەکەی لە ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ وەرگیراوە کە لە ڕانیە دەستیپێکرد. لەوکاتەوە ئەم زانکۆیە بەرنامە زانستییەکانی فراوانتر کردووە و توانای دامەزراوەیی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەهێزتر کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی بەهێز لە خوێندنی باڵادا لە عیراق و ناوچەکەدا. ئەمڕۆ لە ٣٥ ساڵیادی ڕاپەڕیندا، زانکۆکە لە ڕانکی نێودەوڵەتیدا ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکردووە و بە یەکێک لە زانکۆ ئاستبەرزەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

### ٩ کۆلێژ لە دوو کەمپەسی ڕانیە و قەڵادزێ

زانکۆی ڕاپەڕین، سیاسەتێکی هۆشیارانەی فراوانبوونی زانستی گرتووەتەبەر بۆ دامەزراندنی کۆلێژ و بەشە نوێیەکان، بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی خوێندکاران لەلایەک و پێویستیی دەڤەرەکە لەلایەکی تر. لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سێ کۆلێژی نوێی کردۆتەوە لەوانە کۆلێژی ئەندازیاری، کۆلێژی یاسا و زانستە ئیسلامییەکان و کۆلێژی کارگێڕی و دارایی. لە ئێستادا بە کۆی گشتی ٩ کۆلێژ لە زانکۆکەدا هەیە: پەروەردەی بنەڕەتی، مرۆڤایەتی، یاسا و زانستە ئیسلامییەکان، کارگێڕی و دارایی، زانست، پەرستاری، ئەندازیاری، زانستە کشتوکاڵییەکان و پەروەردە. ئەم کۆلێژانە لە هەردوو کەمپەسی ڕانیە و قەڵادزێ دابەشکراون. هەروەها زانکۆی ڕاپەڕین لە پلانیدایە کۆلێژی پزیشکی و چەند بەشێکی دیکەی زانستی و سەردەمی بکاتەوە.

### دانپێدانانی هەمیشەیی لەلایەن عیراقەوە: دەستکەوتێکی مێژوویی

یەکێک لە دەستکەوتە مێژوویی و نیشتمانییەکان بۆ زانکۆی ڕاپەڕین دانپێدانانی هەمیشەیی بوو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراقەوە. وەزارەتەکە بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٨٢٤١ لە ڕێکەوتی ٢٠ی ٨ی ٢٠٢٤ بەشێوەی هەمیشەیی و بەفەرمی فەرمانی دانپێدانانی زانکۆی ڕاپەڕینی دەرکرد. لە ئێستادا ئەم زانکۆیە بە یەکێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی عیراق و جیهان دادەنرێت و لە ناو کتێبی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی یونیسکۆدا ڕیزبەندکراوە.

«زانکۆی ڕاپەڕین، ناو لە کتێبی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی یونیسکۆدا ڕیزبەندکراوە »

### ڕانکی نێودەوڵەتی: یەکەمی کوردستان لە ڕیزبەندی عەرەبی تایمز

زانکۆی ڕاپەڕین پێشکەوتنی بەرچاوی لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتیدا بەدەستهێناوە. لە ڕیزبەندی کاریگەریی Times Higher Education بۆ ساڵی ٢٠٢٥ لە نێوان پلەی ١٠٠١ تا ١٥٠٠ جیهانی ڕیزبەندکرا و ئەمەش دووەمین ساڵی بەردەوامییەتییە لەم ئاستەدا. لە عیراق گەیشتە پلەی چوارەم. بەپێی ڕیزبەندی SCIMAGO وەک دووەمین زانکۆی حکومی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرا.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕیزبەندی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی تایمزی بەریتانیی (Times Higher Education Arab University Rankings) بۆ ساڵی ٢٠٢٦ یەکەمی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێنا. لە ناو زانکۆکانی جیهانی عەرەبیدا بەگشتی ڕانکی لەنێوان ١٢٦ تا ١٥٠ زانکۆدایە و ئاستی پێوانەی لە گرووپی چوارەمە لەسەر ئاستی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی.

هەر لەماوەی ڕابردوودا لە ڕیزبەندی Impact Ranking ی تایمزی بەریتانی یەکەم و بەرزترین ئاستی زانکۆکانی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێم تۆمارکرد و لەسەر ئاستی عیراقیش لە ڕیزبەندی شەشەم بەرزترین زانکۆدا بوو. هەروەها لە ڕیزبەندی ڕانکی نێوان زانستەکانی زانکۆکاندا دووەمی سەرئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و سێیەم سەرئاستی زانکۆکانی عیراق بووە. زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕانکینگی Webometrics یش ئاستێکی پێوانەیی و بەرز تۆمارکردووە.

### پرۆژە نێودەوڵەتییەکان: لە ئیراسمۆسەوە بۆ دکتۆرای هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا

زانکۆی ڕاپەڕین لەماوەی ساڵی ٢٠٢٥دا جگە لە ڕێکخستنی چەندین چالاکی زانستی نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی زانکۆکەوە زیاتر لە ١٧ ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی ناردووە بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتانی چین، پۆڵەندا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، پورتوگال و ئوردن. هاوکات زیاتر لە ٨ خوێندکاریشی بۆ خوێندنی هاوبەش و کۆرسی ڕاهێنان لەڕێگەی پرۆژەی ئیراسمۆسەوە ناردووەتە پۆڵەندا.

زانکۆکە لە ڕێگەی پرۆژەکانی ئیراسمۆس و دادی ئەڵمانی، بەشداری چەند پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی یەکێتی ئەورووپای کردووە. هەروەها بونیادنانی چاپتەری ژنان لە زانستدا کە لە عیراقدا تەنها ئەم چاپتەرە هەیە و نوێنەرایەتی هەموو ژنانی عیراق لە زانستدا دەکات، کە لەلایەن یونیسکۆوە بەڕێوەدەبرێت و سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین دامەزرێنەر و لێپرسراوی چاپتەرەکەیە لە عیراقدا.

یەکێکی تر لە پرۆژە نێودەوڵەتییەکان کردنەوەی خوێندنی دکتۆرای هاوبەش بووە لەگەڵ زانکۆی Kent State University لە ئەمریکا. هەروەها بەشداریکردن لە هەردوو پرۆژەکانی VOPE و Taziz لەگەڵ زانکۆی THWS ی ئەڵمانیا لەڕێگەی پرۆژەی دادی ئەڵمانی لە ساڵی ٢٠٢٥دا.

### خوێندکارانی نێودەوڵەتی: پێشەنگی لە هەرێمی کوردستان

زانکۆی ڕاپەڕین وەک پێشەنگ و یەکەمین زانکۆی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و هۆبەی Study In Iraq کە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراقەوە سەرپەرشتیدەکرێت، بەشداری پرۆژەکەی کردووە و ١٦ خوێندکاری نێودەوڵەتی وەرگرتووە. لەو ڕێژەیەش ئێستا ٨ خوێندکار لە وڵاتانی سودان، یەمەن، نێجیریا و ئەفغانستان لە کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆکەدا دەستیان کردووە بە خوێندنی بەکالۆریۆس و پێشەنگی دروستکردووە بۆ هاتنی خوێندکارانی بیانی بۆ زانکۆی ڕاپەڕین و دەڤەری ڕاپەڕین.

### ئەندامێتی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان: پەنجەرەیەکی جیهانی

بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی نێودەوڵەتی، زانکۆی ڕاپەڕین بووەتە ئەندامی دامەزراوەکانی وەک UNAI، بنکەی جیهانی خوێندنی باڵای UNESCO، یەکێتی زانکۆکانی ئەورووـئاسیا (EURAS)، و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی زانکۆکان (IAU). ئەم ئەندامێتییانە دەرفەتی پلاتفۆڕمی هاوبەشکاری، گفتوگۆی سیاسەت و ئاڵوگۆڕی زانستی دابیندەکەن. گرنگترینیان ئەندامێتی هەمیشەییە لە هاوپەیمانی UNESCO-MOST BRIDGES، کە ڕۆڵی زانکۆکە لە توێژینەوەی پایداری و هاوبەش کردنی زانیاری جیهانی فراوانتر دەکات. هەروەها لە نوێترین هەنگاویدا بووە بە ئەندامی یەکێتی زانکۆکانی UNIMED کە دامەزراوەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی زانکۆکانە لەسەر ئاستی جیهان.

### ٦٠٠ ملیۆن دینار پڕۆژە لە یادی ڕاپەڕیندا

هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، زانکۆی ڕاپەڕین کە هەڵگری ناوی پیرۆزی ئەم یادەیە، ساڵی ٢٠٢٥ی کردووەتە ساڵی بوژانەوەی ژێرخان و ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیژی. بەچاودێری ڕاستەوخۆی بەڕێز پ.ی.د. پەیمان ڕەمەزان ئەحمەد سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین، لەماوەی ساڵی ٢٠٢٥دا زنجیرەیەک پڕۆژەی گرنگ لە هەردوو کەمپەسی ڕانیە و قەڵادزێ خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە کۆی تێچووەکەیان دەگاتە زیاتر لە ٦٠٣ ملیۆن دینار.

پشکی شێر لە پڕۆژەکان تایبەت کراون بە خۆشگوزەرانی خوێندکاران و دابینکردنی کەشێکی مۆدێرن. بە تێچووی ١٤٨ ملیۆن دینار سەرجەم ئامێرە کارەباییەکان و کەلوپەلی ناوخۆی کافتریاکانی پەروەردەی بنەڕەت و پەروەردە و زانستە مرۆڤایەتییەکان نوێکراونەتەوە. لە کەمپەسی قەڵادزێش کافتریای کۆلێژی پەروەردە بە تێچووی ١٥ ملیۆن دینار نۆژەنکراوەتەوە. کۆشکی نانخواردنی خوێندکاران بە تێچووی ٩٨ ملیۆن دینار و هۆڵەکانی خوێندنەوە و پێداگۆجی و سەنتەری کار بە تێچووی ٨٨ ملیۆن دینار بە کەلوپەلی مۆدێرن پڕکراونەتەوە.

لە بواری سەلامەتی و پاراستنی گیانی خوێندکاران، پڕۆژەی دروستکردنی دیواری کۆنکریتی ڕاگری بۆ بەشەناوخۆیی کچان ئەنجامدراوە کە تێچووەکەی ٧٥ ملیۆن دینارە و ئامانج لێی نەهێشتنی مەترسی لافاو و پاراستنی سەلامەتی بینا و گیانی خوێندکارانە. کێشەی ئاوەڕۆی بەشەناوخۆییەکانی کەمپەسی قەڵادزێ بە یەکجاری چارەسەرکراوە و بەستراوەتەوە بە تۆڕی سەرەکی شارەوانی، بە تێچووی ٣٤ ملیۆن دینار. لە ڕانیەش کۆنکریتکردنی دەوری تانکییەکان و چاککردنی ئاوەڕۆی بەشەناوخۆیی کوڕان بە بڕی ١١ ملیۆن دینار جێبەجێکراوە.

لەپێناو جوانترکردنی سیمای زانکۆ و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی، باخچەیەکی نوێ لەبەردەم کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بە سیستمی ئاودانی خودکار (Smart Irrigation) بە تێچووی ٦ ملیۆن دینار دروستکراوە. گۆڕەپانی ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاران بە تێچووی ٣٠ ملیۆن دینار ئامادەکراوە. پرسگەیەکی مۆدێرن بۆ بەشە ناوخۆییەکانی ڕانیە بە ٩٨ ملیۆن دینار و هۆڵێکی پێشوازیی شایستە لە سەرۆکایەتی زانکۆ دروستکراون، لەگەڵ کردنەوەی کتێبخانەی تایبەت بە کۆلێژی زانست.

### پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان: هەنگاوێکی نیشتمانی

لەچوارچێوەی هەوڵە نیشتمانی و زانستییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین لە مانگی یەکی ٢٠٢٦ بەشێوەی سەرهێڵ دیدارێکی نیشتمانی لەگەڵ زانکۆی قامیشلۆ ڕێکخست بەبەشداری چەندین توێژەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

لە هەنگاوی دووەمدا لە سۆنگەی خەمێکی نەتەوەییەوە، زانکۆی ڕاپەڕین وەک ناوەندێکی زانستی و نیشتمانی، بە هاوبەشی و سپۆنسەریی میدیایی کەناڵ ٨ (Channel ٨) و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، کەمپینی فراوانی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ لێقەوماوانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند و توانی دوو تریلە پێداویستی و کەلوپەل و خواردن بنێرێت بۆ ڕۆژئاوای کوردستان.

« پڕۆژەکان بەشێکن لە ستراتیژیی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و هاوشانبوون لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان و خزمەتکردنی زیاتری دەڤەرەکە »



## ڕانیە لە ساڵی ئاسایشی بودجەوە بۆ ساڵی گەشەی خزمەتگوزاری

# 150 پڕۆژە بە 37 ملیار دینار لە شەش ساڵدا... پلانی 2026 بەرەو سەر

**دیدار: دەشتی ڕەسوڵ**



ئەحمەد وسو سەرۆکی شارەوانی ڕانیە

شاری ڕانیە – دەروازەی ڕاپەڕین، سەرقاڵی گەشەیەکی بێدەنگە، ئەمە لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی و نادادیی بودجەییەوە بۆ و ویستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە. ئەحمەد وسو حەمەد، سەرۆکی شارەوانی ڕانیە، لە دیداری «ڕۆژی ڕاپەڕین» بە داتا و ژمارەی ورد باسی هەنگاوەکان دەکات کە شارەوانی ڕانیە لە قەیرانەکاندا گرتوونیتەبەر، لەگەڵیدا پلانە بەرفرانەکانیش بۆ داهاتووی شارەکە دەخاتە ڕوو.

### سی و حەوت ملیار دینار لە شەش ساڵدا

سەرۆکی شارەوانی ڕانیە لە دەستپێکی دیدارەکەدا دانی بەوەدانا ئەو قەیرانە داراییەی ساڵانی ڕابردوو و ئەو نادادیانەی لە بودجەدا بەرامبەر شاری ڕانیە و ناوچەی ڕاپەڕین کراوە، نەیهێشتووە پلان و بەرنامەکانیان وەک خۆی و ئەوەی پێویستە جێبەجێبکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوەدا کە بەو داهاتە سنوردارە کردەییەی بەردەستیان بووە، هەوڵیانداوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو گەڕەکێکدا خزمەتگوزاری بگەیەنن و لەهەموو سێکتەرەکاندا پڕۆژەی خزمەتگوزارییان هەبووە.

«لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی زیاتر و گەشەکردنی بەردەوامی شاری ڕانیە هەمیشە ویستومانە بەپلان و بەرنامەی کارەکانمان بخەینە بواری پراکتیکی و خزمەت بە ڕانیە و هاوڵاتیان بگەیەنین »

بەپێی ئەو ژمارانەی سەرۆکی شارەوانی ڕانیە خستنییە ڕوو، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٥ زیاتر لە ١٥٠ پڕۆژەی مامناوەند و بچوک جێبەجێکراون. کۆی گشتی تێچووی ئەو پڕۆژانە زیاتر لە ٣٧ ملیار دینار بووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشترە ئەوەیە کە بەشی شێری ئەم تێچووانە بە بەهای نزیکەی ٢٧ ملیار دینار لە ساڵی ٢٠٢٥ خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتا ساڵی ٢٠٢٥ لەڕووی جێبەجێکردنی پڕۆژەوە ساڵی گەشە بووە بۆ شارەوانی ڕانیە.

**ڕێگەوبان:** ٣٥٠ هەزار مەتری چوارگۆشە قیرکردن و ١٧٥ هەزار کۆنکریتکردن

لە بواری ڕێگەوباندا شارەوانی ڕانیە بە دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا کاری کردووە: قیرکردن و کۆنکریتکردن. لە بواری قیرکردندا دوو سایدی ڕانیە–سەرکەپکان، سایدی دووەمی شەقامی ٣٠ مەتری نێوان گەڕەکی داستان و نەخۆشخانەی ٢٩١ تەخت، شەقامی ١٥ مەتری گەڕەکی پێشەوا، کۆڵانەکانی گەڕەکی ماکۆک، بەشێک لە شەقامی ٢٠ مەتری تەنیشت نەخۆشخانەی سمارت، شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکەکانی ڕووناکی و شارەوانی و کاروخ و ئاشتی و ئەندازیاران، سایدی دووەمی شەقامی ٣٠ مەتری نێوان گەڕەکی کاروخ و شارەوانی، و قۆناغی یەکەمی شەقامی ٦٠ مەتری ـ هەمووی قیرکراون.

> "ئەمساڵ بۆ رانیە، ساڵی گەشەی خزمەتگوزاریی چەند هێندەی ساڵانی پێشوو دەبێت"

### کۆنکرێت کردن

بەگوێرەی قسەکانی سەرۆکی شارەوانی ڕانیە بێت لە بواری کۆنکریتکردنیشدا شەقام و کۆڵانەکانی ١٢ گەڕەک کۆنکریتکراون، **گەڕەکەکانی:** کۆدۆ، ئازادی یەک و دوو، ڕاپەڕین، پێشەوا، کوێستان، قەڵات، نەورۆز، زانکۆ، داستان، هەوار، دابان و ڕزگاری یەک. بە گشتی ٣٥٠,٠٠٠ مەتری چوارگۆشە قیرکردن و ١٧٥,٠٠٠ مەتری چوارگۆشە کۆنکریتکردن ئەنجامدراوە.

### تۆڕی ئاوەڕۆ: ژێرەبنایەکی نەبینراو بۆ پاراستنی شار

لەپاڵ پڕۆژەکانی تر، شارەوانی ڕانیە تۆڕێکی بەرفراوانی ئاوەڕۆی دروستکردووە. لە بواری ئاوەڕۆی صندوقیدا بۆ گەڕەکەکانی شادی، ڕانیەی نوێ، ماردین–تیتۆکە و نێوان ڕانیە–سەرکەپکان پڕۆژەی ئاوەڕۆی صندوقی ئەنجامدراوە بە کۆی گشتی ٤,٥٠٠ مەتری درێژ. لە بواری ئاوەڕۆی لوولەییشدا بۆ گەڕەکەکانی شادی–میدیا، دوو سایدی ڕانیە–سەرکەپکان، چوارچرا، ماردین، پێشەوا، هەنجیرەی خواروو، تیتۆکە و هەوارە بەرزە ئاوەڕۆی لوولەیی دروستکراوە بە کۆی گشتی ١١٠,٠٠٠ مەتری درێژ. هەروەها خاوێنکردنەوە و دروستکردنی کەناڵی کراوە لە سەرووی گەڕەکی هەوارە بەرزە (کونەسێ) و درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی لوولەیی لە گەڕەکی بنار و ڕزگاری یەک لە تەنیشت مزگەوتی ئاسۆس لەوانی ترن.

### سەوزایی و جوانکاری: ٢٥٣ هەزار مەتری چوارگۆشە سەوزکردن

شارەوانی ڕانیە لە بوارەکەی سەوزایی و جوانکاریدا چەندین هەنگاوی ناوە. سیاجکردنی باخچەی نێوان ناوچەی پیشەسازی و گەڕەکی ڕاپەڕین، باخچەی گەڕەکی ئازادی دوو، باخچەی پشت ڕانیە مۆڵ و باخچەی سەرچاوەی ڕەشەمێرگ لە سەرەکیترین پڕۆژەکانن. قۆناغی یەکەمی سەوزکردن بە ڕووبەری ٢٥٣,٠٠٠ مەتری چوارگۆشە جێبەجێکراوە کە دەکاتە ڕێژەی ١.٥٪ سەوزایی بۆ ڕانیە زیاد بکرێت.

وتیشی: پڕۆژەی ڕووناکردنەوە و جوانکاری ناوەندی شاری ڕانیە و کۆنکرێتکردنی بەردەم مۆنۆمێنت و جوانکاری بەردەم پارکی دەروازە و مۆنۆمێنتی شەهیدانیش ئەنجامدراوە. لەگەڵیاندا پڕۆژەی دانانی بەرزەهێمای ڕێنیشاندەر و هەوڵدان بۆ دروستکردنی شەڵتەری سەگی بێلانەش لە پڕۆژەکانی ترن. هەروەها ڕێکخستنەوەی کاری خاوێنکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی ناو شار لە سەرەکیترین بوارەکانی کاری شارەوانی بووە.

### ساڵی ٢٠٢٦: پلانی زیاتر لە ٣٠ پڕۆژە

سەرۆکی شارەوانی ڕانیە کارنامەی ساڵی داهاتوویشی خستە ڕوو و ئاماژەی بەوەدا کە لە پلاندایە زیاتر لە ٣٠ پڕۆژەی خزمەتگوزاری بخەنە بواری جێبەجێکردن. لە سەرەکیترین پلانەکان: شەقامی ٦٠ مەتری بە سێ قۆناغ بخرێتە بواری جێبەجێکردن، کار لەسەر زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و دروستکردنی چەند باخچەیەک، تەواوکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی و صندوقی بۆ هەموو ئەو شوێنانەی پێویستیان پێیەتی و گەیاندنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری ڕێگە بۆ هەموو گەڕەکەکانی ناو شار بەتایبەتی شوێنە ئاوەدانەکان.

هەروەها کار بۆ گەیاندنی پڕۆژەی ڕێگە بۆ ناوچەی پیشەسازی دوو، بەردەوامبوون لە نەهێشتنی مەترسی لافاو، چاککردنەوەی هەموو شەقامە سەرەکیەکانی ناو شار، ڕێکخستنەوەی ناو بازار و پاراستنی پاکی و خاوێنی شار، و ساڵانە وەک ئەرکی نیشتمانی ٥ی ٣ کردنی بە دەرفەتی ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی نوێ بۆ ڕانیە لە پلاندان.

### پڕۆژە ستراتیجییەکان: کۆرنیشی قولە، پیشەسازی نوێ و پارکینگ

سەرۆکی شارەوانی ڕانیە لە بەشێکی سەرنجڕاکێشی دیداردا باسی چەندین پڕۆژەی ستراتیجی کرد. دروستکردنی کۆرنیشی قولە لە سەرەکیترینیانە کە پڕۆژەیەکی ستراتیجی و گەشتیاری گرنگ دەبێت بۆ ڕانیە. هەروەها دروستکردنی ناوچەیەکی پیشەسازی نوێ تایبەت بە چەند کارگەیەکی دۆستی ژینگە کە ئامانجی زیادکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ڕانیە و بوژانەوەی داهاتی خۆماڵییە.

### چارەسەر کردنی جەنجاڵی هاتووچۆ

پڕۆژەی پارکینگ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هاتوچۆی ناو شار و زیادکردنی داهات بۆ شارەوانی، بەرفراوانبوونی پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت بە دابینکردنی زەوی پێویست بەپێی پلانی هاوبەش لەنێوان شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین بۆ بوژانەوەی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و بازرگانی و گەشتیاری، دابینکردنی پشتیوانی بەردەوام بۆ کەرتی وەرزش و دابینکردنی زەوی بۆ فەرمانبەرانی سنوری شارەوانی لەوانی ترن. ئەنجومەنی شارەوانی ڕانیە بەهاوکاری ئەندامانی ئەنجومەن دەکرێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ڕوانگەی یاسایی کار و پڕۆژەکانی شارەوانی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیجی بۆ ئێستا و داهاتووی ڕانیە.

### هەماهەنگی و هاوکاری: کاری کۆمەڵایەتی لە پشت پڕۆژەکان

سەرۆکی شارەوانی ڕانیە ڕایگەیاند: کارەکانیان بە هەماهەنگی کۆمپانیای بیڤان و بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕانیە بە پشتیوانی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و سەرپەرشتی قائممقامی قەزای ڕانیە ئەنجامدراون. لە ڕێی پێکهێنانی چەند تیم و لیژنەیەک لە بەشەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە بەو داهاتە سنوردارەی بەردەست کاری جدی کراوە. هەروەها ڕۆژانە قائممقامی قەزای ڕانیە لەگەڵیان بووە بۆ بەسەرکردنەوەی کاری تیمەکان و لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکان هاوکار و پشتیوان بووە.

سەرۆکی شارەوانی ڕانیە لە کۆتایی دیدارەکەدا بە بڕوایەکی بەهێزەوە ووتی کە گومان لەوە نیە شاری ڕانیە دەبەنە ئاستێکی زۆر باڵای ئەوتۆ کە چین و توێژەکانی شارەکە لەداهاتوودا دەکرێ شانازیی پێوە بکەن و دەستی ئاوەدانی و خزمەتکردن لەم شارە ئازیزەدا خێراتر دەکەن.



### لافاو لە ڕانیە: لە مەترسییەکی مێژووییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیدی

# کەناڵی 10 کیلۆمەتری، ئامێری نوێ و پێشنیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بۆ پاراستنی شار

**ئامادەکردنی: سەفەر حەسەن**

شاری ڕانیە، بۆ وەرزەکانی پایز و زستان لە مەترسی لافاو دوور دەخرێتەوە. ساڵانی ڕابردوو چەندین جار لافاو بووەتە هۆی زیان و مەترسی بۆ گەڕەکەکانی ڕۆژسیتی، شارەوانی، کاروخ، ڕانیەی نوێ و ڕوناکی. ئەم مەترسییە ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیەی هێنایە سەر هەست بۆ دارشتنی پلانی پێشوەختە و جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی جدی. بڕیاردەری ئەنجومەنی شارەوانیی ڕانیە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ «ڕۆژی ڕاپەڕین» وردەکارییەکانی ئەم پرۆژانەی خستەوە ڕوو.



مستەفا محەمەد، بڕیاردەری ئەنجومەنی شارەوانی ڕانیە بە «ڕۆژی ڕاپەڕین»ی ڕاگەیاند: بەڕای ئێمە گرنگترین کارێک کە بیکەین بۆ ئامادەکردنی ژێرخانی ڕانیە، ئەنجامدانی ئاوەڕۆی لولەیی و کەناڵی جیاوازی ئاوەڕۆیە بەتیرەی جیاواز  کە بۆ گواستنەوەی ئاوی باران و لافاو و ئاوەڕۆ و دورخستنەوەی مەترسیە سروشتیەکان کاریگەرە، لە گەورەترین پرۆژەکانیشدا، درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی صندوقی ٢ لە ٢ مەتر لە گەڕەکی چوارچرای شاری ڕانیە بە ئاراستەی ناحیەی سەرکەپکان هاوتەریب لەگەڵ شەقامی دوو سایدی ڕانیە سەرکەپکان بە درێژی زیاتر لە ٢.٥ کیلۆمەتر جێبەجێکراوە. وتیشی: ئەم پرۆژەیە هۆکار بووە بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و نەهێشتنی مەترسی لافاو. هەروەها دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی بە تیرەی جیاجیا بۆ شەقامی دوو سایدی ڕانیە-سەرکەپکان بە درێژی نزیکەی ٣ کیلۆمەتر بۆ کۆکردنەوە و گلدانەوەی ئاوی بارانی سەرشەقامەکە ئەنجامدراوە.

> مستەفا محەمەد؛ بەڕای ئێمە گرنگترین کارێک کە بیکەین بۆ ئامادەکردنی ژێرخانی ڕانیە، ئەنجامدانی ئاوەڕۆی لولەیی و کەناڵی جیاوازی ئاوەڕۆیە بەتیرەی جیاواز   کە بۆ گواستنەوەی ئاوی باران و لافاو و ئاوەڕۆ و دورخستنەوەی مەترسیە سروشتیەکان کاریگەرە

ڕوونیشیکردەوە: درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی صندوقی ١.٥ لە ١.٥ مەتر لە گەڕەکی ماردین بۆ گەڕەکی تیتۆکە بە درێژی ٥٠٠ مەتر ـ کە لە ٩٠٪ تەواوبووە و دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی بە تیرەی ١٢٠ سانتیمەتر لە گەڕەکی شادی بۆ گەڕەکی میدیا و هەنجیرە بە درێژی نزیکەی ٩٠٠ مەتر بۆ نەهێشتنی مەترسی لافاو لەسەر گەڕەکەکانی ئاشتی، کۆدۆ، ئازادی، گڵینجان و ناوەندی شار بەگشتی لەوانی ترن. هەروەها درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی صندوقی ١.٥ لە ١.٥ مەتر بە درێژی ٥٠٠ مەتر لە گەڕەکی ڕانیەی نوێ و لادانی ئاراستەی ئاوی ئاوەڕۆی بەشێک لە گەڕەکی ڕانیەی نوێ لەسەر زانکۆی ڕاپەڕین، درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی صندوقی بە درێژی ٢٥٠ مەتر لە گەڕەکی شادی، و دروستکردنی ئاوبارەی نزیک شەتڵگەی شازاد صائب لە پرۆژەکانی ترن.

بڕیاردەری ئەنجومەنی شارەوانی ڕانیە باسی لەوەشکرد: خاوێنکردنەوەی کەناڵی کراوە و بەشێک لە باراناوەکان لە سەرەتای مانگی ١٠ دەستپێکراوە و تا ئێستا بەردەوامە. دروستکردنی بەربەست و خاوێنکردنەوەی کەناڵی کراوە بە درێژی ٣ کیلۆمەتر لە دامێنی چیای کێوەڕەش بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بارانی ناوچەکە و پەیوەستکردنەوەی بە ئاوەڕۆی صندوقی لە چەند شوێنێکدا بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لافاو لەسەر گەڕەکەکانی هەوار، هەوارەبەرزە (کونەسێ)، ڕزگاری و شەقامی دوو سایدی ٣٠ مەتری لە چوارڕیانی ڕوناکی تا کۆتایی گەڕەکی سەیدە فەقیرە.



مستەفا محەمەد، دڵنیایشیدا: زیاتر لە ٥٠٠ باراناو خاوێنکراونەتەوە کە زۆربەیان دەکەونە سەنتەری شار و شەقامە سەرەکیەکان. خاوێنکردنەوەی پانتاییەک لە سەرەتای ئاوەڕۆ صندوقیەکان و لوولەییەکان بە تیرەی ١ مەتر و گەورەتر و گۆڕینی ئاراستەی ئاوی باران بۆیان ئەنجامدراوە. هەروەها دانانی مشبەکی شیش لە چەندین سەرمەنهۆڵ و سەرەتای ئاوەڕۆکان بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی ڕوداوی نەخوازراو و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بەتایبەتی منداڵان جێبەجێکراوە.

بڕیاردەرەکەی ئەنجومەنی شارەوانی ڕانیە لە لێدوانەکەیدا پێشنیارێکی وردی خستەوە ڕوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی داهاتوو و ووتی: بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی کۆبوونەوەی ئاو لەسەر شەقامی دوو سایدی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ پێویستە کار لەسەر دروستکردن و خاوێنکردنەوەی زیاتری ئاوەڕۆ و ئاوبارەکان بکرێت و لە هەندێک شوێن دەست بە دانانی باراناو و دروستکردنەوەی دیواری ڕاگر بکرێت. هەروەها کۆنکریتکردنی شەقامە لاوەکییەکانی غابات کە دێنەوە سەر شەقامی سەرەکی ڕانیە-قەڵادزێ، تا دووری ١٥ مەتر لە شەقامی سەرەکی پێویستییەکی ترە، و دروستکردنی تاسەی کۆنکریتی بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی باران و ئاراستەکردنی بۆ ناو غابات لە پرۆژە گرنگەکان دەبن. هەروەها دروستکردن و درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی لوولەیی بە تیرەی ١٢٠ سانتیمەتر لە باخچەی بەردەم مزگەوتی ئاسۆس لە گەڕەکی ڕزگاری بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی لافاو و نەهێشتنی مەترسی لەسەر گەڕەکی ڕزگاری و شەقامی سەرەکی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ لە نێوان هەردوو گەڕەکی ڕزگاری یەک و دوو و جێبەجێبکرێن کە دابەشکردنی ئاوی باران لانیکەم بە دوو ئاراستە لێک جیادەکاتەوە.

ئاماژەی زیاتریشی دا: «بۆ چارەسەری بنەڕەتی نەهێشتنی مەترسی لافاو لەسەر بەشێکی سەرەکی شاری ڕانیە، دروستکردنی کەناڵی کراوە لە دامێنی چیای کێوەڕەش بە درێژی نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر داواکراوە»

دروستکردنی کەناڵی کراوە لە دامێنی چیای کێوەڕەش بە هەردوو ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە دیواری کۆنکریتی بە شێوەی بۆکس و دروستکردنی ئاوەڕۆی صندوقی لە چەند شوێنێکی ناو شار کە پێشتر چەندین جار داوا کراوە ـ بە درێژی نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر، لە گرنگترین پێشنیارەکانە بۆ چارەسەری بنەڕەتی.

سەبارە بە کەمووکوڕی لە بواری ئامێرەکاندا، مستەفا محەمەد ئاشکرای کرد: دابینکردنی ئامێری شۆفڵ، گرێدەر، حفارە، گەڵابە و تانکەری (سحب و دفع) تایبەت بە خاوێنکردنەوەی باراناو و ئاوەڕۆ و ئاوبارەکان بۆ شارەوانی پێویستە، بۆئەوەی ساڵانە بتوانن پێشوەختە بەپێی پلان پرۆژەکان جێبەجێبکەن. لە ئێستادا بەداخەوە شارەوانی ڕانیە ئامێری پێویستی بەردەست نیە و بۆ زۆرینەی کارەکان ئامێر بەکرێ دەگیرێت.

لە کۆتایشدا وتی: ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی لەسەر ڕێڕەوی ئاوی باران، مەترسییەکانی دروستبوونی لافاو ناهێڵێت و هاوڵاتیان لە زەرەر و زیانی گیانی و ماددی پارێزراو دەبن، بۆ نموونە لە هەردوو گەڕەکی هەوارە بەرزە و تیتۆکە و چەند شوێنێکی تر بەربەست بۆ ڕێڕەوی ئاوی لافاو دروست دەبێت. دروستکردنی تۆڕی ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکەکانی تیتۆکە، هەنجیرە و هەوارە بەرزە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی باران و کۆنکریتکردنی شەقامە سەرەکیەکان لە گەڕەکەکانی هەوارە بەرزە، ڕزگاری، هەوار، تیتۆکە، هەنجیرە و سەیدەفەقیرە و دروستکردن و دانانی باراناو بۆ گلدانەوەی زیاتری ئاوی باران لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانن. دروستکردنی ئاوەڕۆی بۆکسی لە سنوری شارەوانی سەرکەپکان بە مەبەستی لادانی ئاوی باران و کەمکردنەوەی مەترسی لافاو بۆسەر شاری ڕانیە لەوانی تریشە. ئەمانە و دەیان پرۆژەی تریش کە لە ساڵی ٢٠٢٦ بەپێشنیاری ئەنجومەنی شارەوانی ڕانیە و لایەنە پەیوەندیدارەکان وابڕیارە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.



## دەڤەرێک کە هەناسەی ڕۆشنبیری تێدا نابڕێت

**ڕاپۆرتی: ڕێباز مام شۆڕش**

ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، لە دوورترین سەردەمەکانەوە یەکێک بووە لە بزوێنەرەکانی کایەی ڕۆشنبیری. ئەمە لە سەردەمی حوجرەکانەوە دەستپێکردووە و بە قۆناغی قوتابخانەکاندا تێپەڕیوە، ڕاپەڕینی ٥ی ئازاری ١٩٩١ سەرەتای وەرچەرخانێکی نوێی هێنایە ئاراوە. دروستبوونی دەستە و ڕێکخراو و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بزاوتەکەی بە بڕشتترکرد. ئەمڕۆ ئەم دەڤەرە خاوەنی چەندین ناوەند و دەستە و ماڵپەڕ و گۆڤارە کە هەموویان لە بوارەکانی خۆیاندا بزوێنەری کایەی ڕۆشنبیرین لەو قۆناغە پڕ لە قەیرانە ئابووری و سیاسیانەدا.

دیالۆگی ڕۆشنگەری هاوچەرخ لە ١٦ی ٤ی ٢٠١٦ دامەزراوە و تا ئێستا ٢٢٢ دیالۆگی ئەنجامداوە و هەفتانە بەردەوامە. لەگەڵیشدا ٥٧ سیمیناری بە ناونیشانی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێب، ٥ دیداری زانستی ساڵانەی ڕاپەڕین، زنجیرەیەک کۆڕ، سێ کۆدوان بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان و دوو پانێڵی بۆ گەنجان بەڕێوەبردووە و چالاکییەکانی لەنێو ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی دەڤەرەکەدا جێگەی تایبەتی خۆی کردۆتەوە.

دەستەی ئەدەبی و فەرهەنگی ڕانیە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە و لە ٧ ئەندام پێکهاتووە. لەو شەش ساڵەدا ٣٥ چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە و بەردەوامە. کتێبخانەی گشتی ڕانیە پشتیوانیەکی باشی ئەم دەستەیە بووە و هۆڵ و پشتگیری کاری هونەری بۆ دابینکردوون.

دەستەی ئەدەبی و ڕوناکبیری قەڵادزێ، لە ٢٥ی ١ی ٢٠٢٣ لەلایەن چەند نووسەر و ڕۆشنبیر و چالاکوانەوە دامەزراوە. لە چەندین بواری ڕوناکبیری لەوانە ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێب و کۆڕی شیعری لە سنوری قەزای پشدەر چالاکی ئەنجامداوە و تا ئێستا بەردەوامە و جێگەی تایبەتی خۆی لەنێو ئەدیبان و نووسەرانی دەڤەرەکەدا کردۆتەوە.

گۆڤاری میتانیا یەکێکە لە ناوەندە بەهێزەکانی کایەی مەعریفییە کە لە شاری ڕانیە دەردەچێت. گۆڤارێکی وەرزییە و تا ئێستا حەوت ژمارەی لێ دەرچووە. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕاپەڕین سپۆنسەری دەکرێت و چەند نووسەر و ڕۆژنامەنەوانی بەئەزموون و خاوەن سەلیقەوە سەرپەرشتی دەکەن. چەندین خاوەن قەڵەمی بەپڕشت لێکۆڵینەوە و نووسینی تێدا بڵاودەکەنەوە و بەیەکێک لە سەرچاوە باشە ڕۆشنبیری و زانستییەکان دادەنرێت. گۆڤارەکە خاوەنی مۆڵەتە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری پشدەر لە ٢٦ی ٦ی ٢٠٢٤ لەلایەن چەند شاعیر و ڕۆشنبیر و خوێنەری پێگەیشتوو دامەزراوە. ئەم ناوەندە لە دامەزراندنییەوە دەورێکی باشی هەبووە و چەندین چالاکی ئەدەبی و کۆڕ و سیمیناری بە ئەنجامگەیاندووە.

ماڵپەری ڕەهەند پرێس لە ١٧ی ٤ی ٢٠٢٣ لەلایەن چەند ڕۆژنامەنووسێک دامەزراوە و تایبەتە بە دەڤەری ڕاپەڕین. لە سەرجەم سێکتەرەکاندا نووسین و چاوپێکەوتن و ڕاپۆرت و بەدوادەچوونی هەیە و خاوەنی مۆڵەتی فەرمیە.

ماڵی کەلەپوری و ڕۆشنبیری قەڵادزێ لە ساڵی ٢٠٢١ دامەزراوە و تا ئێستا بەردەوامە لە کار و چالاکی لە سەرجەم سێکتەرەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگە. ئەم ناوەندە بۆتە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی زۆربەی ڕێکخراوەکان کە لای ئەوان کار و چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن.

ناوەندی کەلتوری و هونەری ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٥ لە شاری ڕانیە دامەزراوە و بۆتە ناوەندێکی کاریگەر لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا. چالاکی و دەورە و لە چاپدانی کتێب بەپێی توانا بۆ نووسەران و ئەدیبان لە کارەکانییەتی. ئەم ناوەندە ڕۆڵێکی باشی هەیە لە پێگەیاندنی هونەر و گەشەپێدانی هزری تاک.

# قەڵغانی بیابان و گڕی ڕاپەڕین، کوردستان لە نێوان دوو ئاگردا



ئامادەکردنی:
ئامانج عومەر فەقێ ئیسماعیل

چیرۆکی داگیرکردنی کوێت، ڕۆڵی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئامادەکارییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕاپەڕینی مێژوویی ١٩٩١

## داگیرکردنی کوێت
## دەستپێکی قەیرانێکی جیهانی

ڕۆژێکی گەرمای هاوینی ساڵی ١٩٩٠، جیهان بینەری ڕووداوێکی ترسناک بوو کە بووە پردێک بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا. لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، سوپای عیراق بە فەرمانی سەددام حوسێن کوێتی داگیر کرد، وڵاتێکی بچووک و دەوڵەمەند کە بووە قوربانی خەیاڵی فراوانخوازی ڕژێمێکی توندوتیژو دیکتاتۆر. جیهان بە ترسەوە سەیری دەکرد، بەڵام هەر زوو کاردانەوە سەرەتاییەکانی دەرکەوتن.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خێرایی هەنگاوی نا و بڕیاری ژمارە (٦٦٠)ی دەرکرد، کە داوای کشانەوەی دەستبەجێی عیراقی دەکرد لە کوێت. بەڵام سەددام، کە خووی بە سەرەڕۆیی گرتبوو، لە ٧ی ئابی ١٩٩٠، هەموو داواکارییەکانی هاوپەیمانانی ڕەتکردەوە و کوێتی وەک پارێزگای نۆزدەهەمی عیراق ڕاگەیاند. ئەمە هێڵی سووری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێپەڕاند و بووە هۆی هاتنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان بۆ ناوچەکە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی بیاباندا. نیو ملیۆن سەربازی ئەمریکی لە عەرەبستانی سعودیدا جێگیر بوون، ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە.

## ئامادەکارییەکانی یەکێتیی نیشتمانی و بیرۆکەی ڕاپەڕین

لەو ناوەندەشدا، لە ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان، بۆن و بەرامەکانی جەنگ بڵاوببۆوە و بە شێوەیەکی تر هەست پێدەکرا و خوێندنەوەی بۆ دەکرا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەریکی خوێندنەوەی وردی بارودۆخەکە بوو. سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێشبینییەکی جیاوازی هەبوو. لە کاتێکدا زۆربەی لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی پێیان وابوو جەنگێکی گەورە ڕوونادات و سەددام بە هەندێ ڕێککەوتن لە کوێت دەکشێتەوە، سەرۆک مام جەلال کە لە دەرەوەوەی وڵات و نزیکی ناوەندەکانی بڕیاردان بوو، دڵنیا بوو کە سەددام هەڵەیەکی گەورە دەکات و زەبرێکی بێوێنەی لێ دەدرێت.

ئەم جیاوازییە لە ڕوانین، بووە هۆی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بچێتە قۆناغێکی نوێی ئامادەکاری. لە ناوچەکانی سەرکردایەتی وەک زەڵێ و نۆکان و قاسمەرەش، خەریکی داڕشتنی پلانی ڕاپەڕینی گشتی بوو. فەرمان ڕەوانەی ڕێکخستنەکان و ڕێکخراوەکانی ناو شار کرا، بەتایبەتی هێزەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک)، کە خۆیان بۆ ڕۆژێکی مەزن ئامادە بکەن. شانە چەکدارەکانی بروسک و ئەوانی تریش پێکهێنران و ڕێکخران، ئامانجەکە ئەوە بوو کە کاتی هاتنی کاتەکە، هیچ شوێنێک بە بێ ئامادەکاری نەمێنێت.

## پلانی ڕاپەڕین و دابەشکردنی زۆنەکان

لە کۆتایی ئابی ١٩٩٠دا، پلانی ڕاپەڕین کەوتە قۆناغێکی هەستیارەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا کە نوێنەرایەتی خۆی بنێرێت بۆ لای لایەنەکانی تری ناو بەرەی کوردستانی، بەو هیوایەی کە پرۆژەی ڕاپەڕین ببێتە هەوڵێکی هاوبەش و بەرپرسیارێتییەکەی لە نێوان هەمووواندا دابەش بکرێت. بەڵام گەڕانەوەی نوێنەرایەتییەکانی یەکێتی بێ هیوایی لەگەڵ خۆیدا هێنا. هەندێک لە لایەنەکان لە ڕێکخستنەکانیان دەترسان، هەندێکیش پێیان وابوو مەترسییەکە زۆرە و باسیان لە چەکی کیمیایی و کاردانەوەی توندی ڕژێم دەکرد. پلان و بیرۆکەی ڕاپەڕین و یەکێتی تەنیا و بەردەوام مانەوە.

> سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی دڵنیا بوو کە سەددام هەڵەیەکی گەورە دەکات و زەبرێکی بێوێنەی لێدەدرێت



لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٨ی ئابی ١٩٩٠دا، پرۆژەکە جارێکی تر تاوتوێ کرا و بە وردی پەسەند کرا. بڕیاردرا کە خاکی کوردستان بەسەر پێنج زۆندا دابەش بکرێت و بۆ هەر زۆنێک بەرپرسێک دیاری بکرێ: کەرکوک ملازم عومەر عەندوڵلا. هەولێر کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی. سلێمانی فەرەیدون عبدالقادر. بادینان نازام عومەر. سۆران حەسەن کوێستانی. ئەمە پرۆسەی گواستنەوەی شۆڕش بوو لە شاخ بۆ ناو شار و شارۆچکەکان، خەونێک کە دەبوو بە ڕاستی.

## ڕاگەیاندن و دیپلۆماسییەت
## دوو قۆڵی ئامادەکاری

ئامادەکارییەکان بەردەوام بوون. یەکێک لە گرنگترین توخمەکان بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین، دەزگایەکی بەهێزی ڕاگەیاندن بوو. لە ١ی شوباتی ١٩٩١دا، نەوشیروان مستەفا لەگەڵ ستاف و کادیرەکانی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کۆبووەوە و پلانێکی نوێی ڕاگەیاندنی داڕشت. بڕیاردرا کە پەخشەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت و هەمووان خۆیان بۆ کارێکی مەزن ئامادە بکەن، ئەو ڕۆژەی کە دەنگی ڕاپەڕین لە هەموو لایەکەوە ببیسترێت.

لەلایەکی ترەوە، بەرەی کوردستانی هەوڵیدا لە ڕێگەی ناردنی شاندێک پێکهاتوو لە کۆسرەت ڕەسوڵ و فەلەکەدین کاکەیی بۆ سووریا، ڕوانینی لایەنەکانی تر بزانن. لەوێ لەگەڵ سەرۆک مام جەلال کۆبوونەوە، بەڵام کاتێک نوێنەرانی حزبی شیوعی و حزبی بەعسی کوبەیشییان بینی، هەر هەموو باوەڕیان بوو بەوەی جەنگێکی گەورە نابێت. ئەمەش جیاوازی ڕوانینی نێوان یەکێتی و لایەنەکانی تری عیراقی و کوردی زیاتر دەرخست.

## گەردەلوولی بیابان
## ئاسمانی عیراق لە ژێر بۆردومان

لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا، مۆڵەتی بڕیاری (٦٧٨) کۆتایی هات و دوو ڕۆژ دواتر، لە ١٧ی کانوونی دووەمدا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابانی دەستپێکرد. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، ئاسمانی عیراق لە ژێر بۆردوماندا دەسووتا. لە ٣٠ی کانوونی دووەمدا، وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و ڕوسیا ڕایانگەیاند کە ئەگەر عیراق بەڵێنی کشانەوە بدات، شەڕ ڕادەگرن، بەڵام سەددام کە تا ٢٢ی شوبات ڕایگەیاند پێشنیازی ڕوسیا قبوڵ دەکات، زۆر درەنگ کەوت.

لە ٢٤ی شوباتدا، هێرشی زەمینی دەستپێکرد و تەنیا سێ ڕۆژ دواتر، لە ٢٧ی شوباتدا، جۆرج بوشی باوک کۆتایی جەنگ و ئازادکردنی کوێتی ڕاگەیاند. هەر لەو ڕۆژەدا، لە ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەوشیروان مستەفا بە برووسکە هەموو هێزەکانی ئاگادار کردەوە: هۆشیار و لە ئامادەباشیدا بن!، کە کاتەکە نزیک بۆتەوە.

## گڕی ڕاپەڕین
## لە باشوورەوە بۆ کوردستان

لە ١ی ئازاری ١٩٩١دا، ڕاپەڕین لە باشووری عیراقدا دەستی پێکرد. سەربازە هەڵاتووەکانی بەرەکانی کوێت لە ڕژێم هەڵگەڕانەوە و گڕی ڕاپەڕینی شیعەکان لە نەجەف و کەربەلا و بەسرەدا بڵاو بووەوە. لە ٣ی ئازاردا، لە کەمپێکی سەربازی لە نزیک سەفوان، نوێنەرانی عیراق بێ هیچ مەرجێک هەموو داواکارییەکانی هاوپەیمانیان قبوڵ کرد.

ڕۆژی پێنجی ئازاری ١٩٩١، ڕانیە، ئەو شارەی هەمیشە دڵی لەگەڵ شۆڕشدا لێی دەدا، بووە چەخماخە و دەنگدانەوەی ئازادی. لەوێوە گڕی ڕاپەڕین بە خێرایی بە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاو بووەوە، هەتا گەیشتە کەرکوکی قودسی کوردستان. خەڵک بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە دڵێکی پڕ لە هیوا، بەرەو کۆتایی هێنانی دیکتاتۆریەت هەنگاویان نا.

## بۆچی هاوپەیمانان بەردەوام نەبوون؟

بەڵام ڕاپەڕین، وەک هەموو شۆڕشێک، چەندین پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هێنا. یەکێک لەو پرسیارانە ئەوە بوو کە بۆچی هێزەکانی هاوپەیمانی لەو کاتەدا بەردەوام نەبوون لە لێدانی ڕژێم هەتا ڕیشەکێشی بکەن؟ ساڵانێک دواتر، لە یادی نۆیەمین ساڵەی ڕاپەڕیندا، سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە. ئاماژەی بە دوو هۆکاری سەرەکی کرد: یەکەم، ئەمریکا ویستی خەریکی نهێڵێتەوە کە شەڕەکە ببێتە ناکۆکی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب. دووەم، بۆ ئەوەی بەهانە نەدرێتە دەست سوپای عیراق، کە هەمیشە هیوایان هەبوو لە کۆتاییدا ڕژێمەکە خۆی بگۆڕێت یان لەناوبچێت، بەبێ ئەوەی کورد بەرهەڵستی بکات.

## هیوا هەرگیز نامرێت

ڕاپەڕینی ١٩٩١، سەرەڕای هەموو دەستکەوت و ناکامییەکانی، بووە خولگەیەکی نوێ لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا. ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕین، وەک چرایەکی هەمیشەیی لە بیرەوەری نەوەکاندا دەمێننەوە، پێمان دەڵێن کە هیوا هەرگیز نامرێت و ڕێگای ئازادی، هەرچەندە درێژ و نارێک بێت، بەڵام بە خەون و خەباتی پێشەنگان دادەڕێژرێت.

> کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەی ١٨ی ئابی ١٩٩٠دا، بڕیاریدا خاکی کوردستان بەسەر پێنج زۆندا دابەش بکات و بۆ هەر زۆنێک بەرپرسێکی دیاریکرد"

## 83 چـــرای ئـــازادی

# ڕانیـــە و ئەلفوبـــێی ڕاپـــەڕین

**ڕۆژی ڕاپەڕین - مەریوان عەلی**

هەر شوێنێک، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەندێک شوێن خۆیان دەبنە مێژوو. ڕانیە و قەڵادزێ و دەڤەری ڕاپەڕین، ئەو شوێنانەن کە نەک تەنها مێژوویان تۆمار کردوە، بەڵکوو خۆیان بوونەتە دەستنووسی زەیتوونی مێژوو. ئەم پەڕتووکە تۆماری ئەو ٨٣ پیتەیە کە بە پیتی خوێن نووسراون، بۆ ئەوەی ببنە ئەلفوبێی ئازادی.

### فەلسەفەی گوڵاڵە

لەو ڕۆژەدا کە خاک و خوێن یەکتریان ناسی، شتێک لەدایکبوو کە ناویان نا شەهید. بەڵام شەهید تەنها مەرگ نییە، وەک چۆن گوڵ تەنها گەڵا نییە. شەهید ئەو ڕێگەیەیە کە مرۆڤ بە مردنی خۆی دەیکاتەوە بۆ ژیانی ئەوانی تر.

فەیلەسووفێک دەڵێ: مرۆڤی مردوو بیرکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ خۆی دەبات. بەڵام لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین، لە دەڤەری ڕاپەڕینی هەمیشە ڕەنگین، مرۆڤ دەڕوات بەڵام بیرکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ خۆی نابات. وەک ئەو ڕوناکییەی کە دوای کوژانەوەی چرا، هێشتا دەدروشێتەوە و لەبەر چاوە، ئەمە شەهادەتە، ئەمە مەرگە لە پێناو ژیاندا ، ژیانێک زیندووتر و شەرەفمەندانەتر.

### دیالێکتیکی خوێن

ڕاپەڕین تەنها هەڵایسانێک نییە بەرامبەر دوژمن، ڕاپەڕین هەڵسانەوەیە بەرامبەر خۆت، بەرامبەر ئەو ترسەی کە لە ناختدا شۆڕ بووەتەوە. ٥ی ئازاری ١٩٩١، لە ڕانیەوە، مرۆڤێک بۆ یەکەم جار لە خۆی ترسا، ترسان لە مەرگی حەتمی، لە تاریکی و ستەم و دڕدۆنگی، لە ستەمکاری، بەڵام ئەو ترسە بوو بە ئازایەتی بۆ ئازادی ، ئازادی سەرتاسەری مرۆڤی کورد. لێرەوە، تێز ترس بوو لە مردن، ئەنتیتێز بوو بە خۆشویستنی ژیان، سەنتێز بوو بە شەهادەت لە پێناو نیشتمان بژیدا. لەم هاوکێشەدا، ٨٣ کەس بوونە ئەو ژمارانەی کە هاوکێشەکەیان چارەسەر کرد، نەک لەسەر وەرەقە، بەڵکوو لەسەر خاک.

### ٨٣ دەروازە بۆ ڕووناکی

ئەگەر ڕانیە تەنها شارێک بێت، ئەوا ئەم ٨٣ ناوە ٨٣ دەروازەن بۆ هاتنە ناوەوەی ئەم شارە. هەر دەروازەیەک چیرۆکێکی خۆی، داستانی نەمری خۆی هەیە، هەر ناوێکیان ژیانێک بووە کە بووەتە پیتێک لە پەڕتووکی هاواری ئازادی بۆ کوردستان.

### ڕۆژی یەکەم
### ٥ی ئازار - ڕۆژی پەپوولە ئاگرینەکان

لەم ڕۆژەدا ١٤ کەس بوونە پەپوولە، باڵەکانیان لە کانی ئاگری خۆشویستنی نیشتمان دروستبوو. لەناویاندا مریەم قادری «گوڵەباخ»، ئەو کچەی کە ناوی خۆی لەسەر یەکەم پەڕەی مێژووی نوێی ڕانیە بۆ ڕاپەڕین تۆمارکرد. گوڵەباخ وەک گوڵێک بوو کە لە بەهاردا هەڵگیرسا، بەڵام ئاگرەکەی تا ئەمڕۆش ڕووناکی دەداتەوە. محمد همزە خدر، بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵڵا، خالید فەقێ قادر، عزیز مەحمود حمدئەمین، عەبدوڵا عومەر حمەدئەمین، خالید عبدالرحمان عزیز، ئیبراهیم حمە ابراهیم، محمد احمد مینە ئاڵی، علی حاجی حسین، مصطفی عبداللە مصطفی، مصطفی ابوبکر ڕەسوڵ، عثمان محمود محمد، چیمەن ڕەحمان قەیتەران... ئەمانە تەنها ناو نین، ئەمانە ١٤ ڕێگەی جیاوازن بۆ گەیشتن بە یەک خاڵ: ئازادیی.

### ڕۆژی دووەم
### ٦ی ئازار - ڕۆژی بروسکە

١٣ ناوی تر، وەک ١٣ بروسکە لە ئاسمانی تاریکی داگیرکاریدا. علی رسوڵ علی، خالید محمد عبداللە، محمد احمد محمد، جبار احمد قادر، ئەرسەلان عمر حمدامین، ڕؤوف اسماعیل حمدامین، حسێن حسن اسماعیل، ملا کریم ملا، قارەمان عمر امین، حسێن ڕەسوڵ حمدامین، نزیرە عمر خضر، هاوکار عبداللە ناڵی، مینە عبداللە مینە... خۆیان هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ دروستکردنی چەمکێک کە پێی دەڵێن نەمریی.

### ڕۆژی سێیەم
### ٧ی ئازار - ڕۆژی دەنگی ژنان

لەم ڕۆژەدا، لە نێوان ١٠ شەهیددا، حسێن احمد ابراهیم، علی محمد عبداللە، علی حمە حسین، رزگار عبداللە احمد، فاخیر انوەر محمد، رسول احمد رسول احمد، احمد محمد حسن یوسف، سێ ژن مێژووەکان ڕەنگرێژتر کرد: فاطمە ڕەسوڵ وسو، ئایش رسول اومر، شەم علی حمد، ئەم سێ ناوە، سێ تەنوری ڕووناکی بوون لە شەقامەکانی ئازادیدا. هەمووان پێکەوە نیشانیان دا کە ئازادی ڕەگەز ناناسێت، تەنها دڵ دەناسێت. ژیانە.

### ڕۆژی چوارەم
### ٨ی ئازار - ڕۆژی گەڕاوە و گەنجان

لەم ڕۆژەدا ١٤ شەهید، ڕۆستم رحمان ابوبکر، ابراهیم حمد حاجی، علی عزیز حسێن، حاجی باپیر عبدالرحمن، عباس زرار عمر، ابوبکر حمد شێخە، علی عباس بابکر قادر، مصطفی رسول نبی، ابراهیم خالید غفور، احمد سالح غفور، بەهرام رسول حسن، محمد ڕەشید ڕەسول، محمد ابراهیم ڕەسول، ابوبکر مصطفی ابراهیم،گەڕاوە و گەنج، پێکەوە ڕیزیان بەست. هەموویان بوونە پلیکانەی ئەو پەیژەیەی کە بەرەو ئاسمانی ئازادی و ڕزگاری نیشتمانی درێژ ببۆوە بەرەو سەربەستیی.

### ڕۆژی پێنجەم
### ٩ی ئازار ، ڕۆژی هاوسەنگەری

تەنها دوو ناو: رزگار حمدامین محمود، رسوڵ عبداللە خدر دوو هاوسەنگەر، دوو هاوڕێی خوێن. پێکەوە دەیانگوت: چ لێرەبێ و چ لەوێ، ڕۆژ ڕۆژی پێکەوە بوونی کوردانە، ڕۆژی نەمری و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری.

### ڕۆژی شەشەم
### ١٠ی ئازار - تەنها یەک ناو

ئەحمەد عوسمان حەسەن، یەک ناو، یەک کەس، بەڵام وەک هەزار کەس. هەندێک جار یەک ناو دەتوانێت هەموو ماناکان لە خۆبگرێت. هەموو واتاکان لە یەک ڕستەدا، لە یەک هەناسەدا، لە یەک هەنگاودا بەرەو ئازادی و بەرەو ڕزگاری نیشتمانی لە دەست ستەمکاری، کۆبکاتەوە.

### ڕۆژی حەوتەم
### ١١ی ئازار - ڕۆژی پەنجەوانەیی

١٤ ناو، وەک ١٤ ئەڵقەی زنجیرێک کە پێکەوە ڕاپەڕینیان دروستکرد. . محمد مصطفی رسول، علی حایز حمد، حسین ساڵح ابراهیم، مسعود علی رسول، حمد خدر ابراهیم ماماغا، عمر رسو ابراهیم، عبدالرحمان ابراهیم اسماعیل، محمد خدر قادر، محمد اسماعیل خدر، مصطفی احمد حمد مصطفی، حسن حمد احمد، صدیق باپیر عبدالرحمان، رسوڵ احمد فقی، حسین ابراهیم وتمان احمد، هەر یەکەیان پاڵپشتی ئەوی تر لەوێوە تا ئەوسەری ئازادیی و ڕزگاریی و هاوسەنگەریی.

### ڕۆژەکانی دوایی
### لە ١٨ تا ٢١ی ئازار - ڕۆژانی هەڵگیرسان

لە ڕۆژانی کۆتاییدا، کاتێک ڕاپەڕین بەرەو کۆتایی ڕزگاری کەرکوکی قوردسی کوردستان نزیک دەبۆوە، ١٣ پێشمەرگە و گیانبازی تر بوونە ئەو ئەستێرانەی کە لە ئاسماندا دەمێننەوە. احمد رسول حسێن، محمد احمد رسول، حسێن علی عبداللە، حسێن قادر رسول، کمال علی عبداللە، محمد رسول فتح اللە، حمد خدر رسول، محمد حسن احمد، سەلیم عزیز سلێمان، معروف قادر معروف، محمود احمد خدر، عمر فقی حسێن، سلێمان رسول خدر، احمد ڕەش محمد... تا ڕۆژی ٢١ی ئازار، ڕۆژی نەورۆز، بوونە دوایین پیتەکانی ئەم دەقە پیرۆزە و چڵە نێرگزی سەروەریی.

### مێتافیزیکی ناوەکان

لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا، ڕۆح لە جەستە جیایە. بەڵام لە فەلسەفەی ڕانیەدا، لە دڵی پشدەر و لە پێدەشتی بیتوێن و لە لوتکەی ماکۆکدا، ڕۆح و جەستە پێکەوە دەبنە ماکی دروستبوونی شتێک کە پێی دەڵێین واتا. ئەم ٨٣ شەهیدە واتایەکی نوێیان بەخشیێ بە وشەی مرۆڤبوون، بە تامی ژیان بۆ ئازادی، بۆ ڕزگاری، ئەوان نیشانیاندا کە گیانبازی مرۆڤ لە پێناو ئازادی، لە پێناو نیشتماندا دەتوانێ بە مردنی خۆی ژیان بداتەوە بە وشەکان، بە هەرمان.

### ٣٥ ساڵ دواتر

ئەمڕۆ، دوای ٣٥ ساڵ، کاتێک بە شەقامەکانی ڕانیە و دەڤەری ڕاپەڕینی هەمیشە سەوزدا دەڕۆین، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ناوی یەکێک لەم ٨٣ کەسە دەبین. نەک لەبەر ئەوەی ناوەکانیان بە شار و شەقامەکانەوە هەڵواسرابێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بوونەتە بەشێک لە ناسنامەی ئەم شارە و ئەم دەڤەرە دەبینین... درود درووود، ڕانیە درووود، ڕاپەڕین سروود سرووود بۆ ئازادی.

### ئەو ناوانەی نامرن

ئەم ٨٣ ناوە وەک ٨٣ ئاوێنەن، هەر ئازادیخوازێک خۆی تێدا دەبینێت. هەندێک ئازایەتی تێدا دەبینن، هەندێک خۆشەویستی نیشتمان، هەندێک ڕێگەی ژیان و هەندێک تر نەمری، هەندێکی تر ژیان، هەندێکی تر سەربەستی، هەندێکی تر دادپەروەری، هەندێکی تر هاوسەنگەری و هەندێکی تریش سەروەری لە پێناو نیشتمان. ئەفلاتون دەڵێ: فەلسەفە ئامادەبوونە بۆ مردن. بەڵام ڕانیە نیشانیدا کە فەلسەفەی ڕاستەقینە ئامادەبوون نییە بۆ مردن، بەڵکوو ئامادەکردنی مردنە بۆ ژیان. ئەم ٨٣ کەسە مردنیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ژیان بە نەوەکانی دوای ڕاپەڕین ببەخشێت.

پاشگەزبوونەوە: نەخشەی نەمری، ئەگەر دەتەوێت ڕێگەی نەمری بزانیت، سەیری ئەم نەخشەیە بکە، بە ڕانیەدا گوزەر بکە، دەڤەری ڕاپەڕین بناسە. ئەم ٨٣ ناوە وەک ٨٣ پێنووسن کە مێژوویان نووسیوەتەوە، نەک بە مەرەکەب، بەڵکوو بە خوێن. وەک چۆن خوێن نامرێت، ئەم ناوانەش نامرن. ڕانیەی ٥ ی ئازاری ١٩٩١ بە ٨٣ شەهیدەوە، پەڕتووکی نەمرییە، ڕستەکە بەردەوام...



## جاران سەرهەڵدان ژیان بوو

# ئێستا حکومەت کردویەتی بە پشوو





ئەرسەلان مەحمود

هەر نەتەوەیەک لە مێژوودا خاڵێکی هەیە، تێیدا بڵێت: لێرەوە دەستمانپێکرد. ئەو خاڵە شۆڕشێک، راپەڕینێک، یان ڕۆژەڤێک. بەڵام ئەمە بە تەنها هیچ ناکات — ئەگەر نەپارێزرێت. ئەو نەتەوانەی سەرهەڵدانی خۆیان گواستەوە سەر ناسنامەی نەتەوەیی، واتا لەبری گرتنەبەری ڕێگەی هەست و سۆزەکی، بە دامەزراوە و بودجە و ستراتیژ ئەمەیانکرد، زەمان و زامنی خاوەندارێتییەکەیشیان کرد.

راپەڕینی گوانگجوی ١٩٨٠ی کۆریای باشور، ڕژێمەکەی زۆر هەوڵیدا بیسرێتەوە. بەڵام دوای دیموکراسی، زیانلێکەوتووان قەرەبووکرانەوە، دامەزراوەی یادەوەریی ١٨ی ئایاریان دامەزراند — دامەزراوەیەک بۆ دیکۆمێنتکردن، توێژینەوە، فێرکاری و پاراستنی بیرەوەری. گۆڕستانی قوربانییەکان کرا بە گۆڕستانی نیشتمانی. بەڵگەنامەکان لە یونسکۆ تۆمارکران. ئەمڕۆ خەڵاتی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ دەدات، بەرنامەی ماستەری جیهانی بەڕێوەدەبات. موزەخانەی راپەڕینی وارشۆ لە پۆڵندا، دوای ٦٠ ساڵ لە ڕووداوەکە کرایەوە، بووە دامەزراوەیەکی زیندوو: نزیکەی ٤٠٠٠ دەنگی شاهیدەکانی تێدا تۆمارا، سەدان هەزار خوێندکاری لە بەرنامەکانیدا فێرکران و ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن کەس سەردانی دەکەن. ڕاپەڕینی پۆلیتەکنیکی ئەثینای ١٩٧٣ لە یۆنان، ئێستا سێ ڕۆژ بە فەرمی یادی دەکرێتەوە. لیژنەیەکی هاوبەش لە زانکۆ و سەندیکا و ڕێکخراوەکان بەڕێوەی دەبات. ناوی قوربانییەکان هەموو ساڵێک بە دەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە. تیبەتییەکانیش — بەبێ دەوڵەت و بەبێ بودجە — هەموو ساڵێک لە دەیان وڵاتدا یادی ڕاپەڕینی ١٠ی ئازاری ١٩٥٩ دەکەنەوە، بە هێزی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و شیعارێکی سادە: لە بیرمانن، بەرگری دەکەین، دەگەڕێینەوە.

چوار نموونە، چوار شێوازی جیاواز، بەڵام هەموویان لە یەک بنەمادا. با ئێستا سەیرێکی خۆمان بکەین. بەرەبەیانی ٥ی ئازاری ١٩٩١، ڕانیە یەکەم گوللەی تەقاند. شار خرۆشا. هاواری ئازادی گەیشتە شارەکانی کوردستاندا و لە کەرکوکی قودسی کوردستاندا تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا. ئەوە سەرهەڵدانی گەلێک بوو دژ بە یەکێ لە دڕندەترین ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیستەم. ئەمڕۆ سی و پێنج ساڵ تێدەپەڕێ. لە ئاستە فەرمییەکەدا ٥-٣ پشووی سەرتاسەرییە. بەرهەمی ڕاپەڕین خەوتووە، ئیستیراحەتە - وشەیەک لە ڕووی واتایی و لۆژیکییەوە پێچەوانەی ئەوەیە لەو ڕۆژەدا ڕوویدا.

ڕۆژی ڕاپەڕین، بۆ دامەزراوەکان و خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی دەبوایە کەرناڤاڵی یادی نیشتمانی بووایە، هەڵبەتە نەک هەر لە هەرێم، بەڵکوو لە سەرانسەری کوردستان و لە دیاسپۆرا. کەچی نە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی تایبەت بەو یادە هەیە، نە دامەزراوەیەکی نیشتمانی، نە بەرنامەیەکی ستراتیژیکی دیکۆمێنتکردن، نە ئەرشیفی دیجیتاڵی، نە بەرنامەیەکی فێرکاری و نە بودجەیەکی تایبەت. ئەوەی هەیە تەنها ئەمەیە: ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و ئیدارەی قەزای ڕانیە، بە تەنها بارەکە هەڵدەگرن — بە بودجەیەکی نیوەناکام، بە ئیمکانیاتێکی سنووردار و ئیرادەی دڵسۆزانێک.

ئەوەی داوا دەکرێت حاڵە نەک مەحاڵ:

یەکەم: دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی هەرێمی لە ڕانیە، تایبەت بە یادکردنەوەی ڕاپەڕین، بە بودجەی بەردەوام و تیمی پسپۆڕ. دووەم: بەرنامەیەکی فریاکەشی تۆمارکردنی دەنگی شاهیدان. سێیەم: گۆڕینی ئەم ڕۆژە لە پشووەوە بۆ ڕۆژی نەتەوەیی و نیشتمانیی یادکردنەوەی ڕاپەڕین — کەرناڤاڵی هاواری ئازادی. چوارەم: هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە جیهانییەکان بۆ تۆمارکردنی ئەم ڕووداوە لە ئەرشیفی مێژووی مرۆیی، وەک کۆریای باشوور لەگەڵ یونسکۆ کردی.

ئەمانە نە تەلاری بەرزیان دەوێ و نە بودجەی زەبەللاح، بڕیارێکیان دەوێت. لە گوانگجو بڕیارەکە لە خەڵکەوە هات. لە وارشۆ لە شارەوانی. لە ئەثێنا لیژنەیەکی هاوبەش. لای تیبەتییەکان ڕێکخراوە مەدەنییەکان. لێرە لە هیچ کوێ، پشووە! لە کاتێکدا خودی پەرلەمان و حکومەت خۆیان بەرهەمی ئەو ڕاپەڕینەن، کەچی بە یاسا کراوەتە ناوچەیی و ئیستیراحەت .

ڕۆژی ڕاپەڕین، بۆ دامەزراوەکان و خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی دەبوایە کەرناڤاڵی یادی نیشتمانی بووایە

# کاتێک سروود چەکی ڕاپەڕین بوو



هیوا مستەفا - ڕۆژی ڕاپەڕین

ئەندامانی تیپی موسیقای ڕانیە، بەشداری کاریگەریان هەبوو لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا. ئەندامی شانە چەکدارەکانی بروسک بوون. بەشێک لە بینا حکومی و ناوەندەکانی خوێندن تیپەکە لە تاڵانکاری و سوتاندن پاراستنی. بینای مەڵبەندی لاوانی ڕانیە و هۆڵی ٥ی ئازار و فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕانیە لەوانە بوون. ٩ی ئازاری ١٩٩١ کاتێک پەخشی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گواسترایەوە ڕانیە، سوود لەو بینایانە وەرگیرا و شوێنی گونجاومان بۆ دابینکردن. سەیارەیەکی جۆری ئیڤا و مۆلیدەیەکی کارەبایی کردمانە دیاری بۆ ڕادیۆکە.

« ئەندامانی تیپی موسیقای ڕانیە لە ڕیزی شانەچەکدارەکانی بروسکدا» دوای ئازادکردنی کوردستان وەک تیپی موسیقای ڕانیە بۆ نەورۆزی ١٩٩١. دەستمان بە پرۆڤەکرد. چەندین سروود و گۆرانیمان ئامادەکرد، بەڵام بەهۆی بارودۆخێکی ئەمنی ئاهەنگەکە بۆ کاتێکی تر دواخرا. بۆ یەکەم ساڵیادی ڕاپەڕین هۆنراوەیەکم بەرچاوکەوت «٥ی ئازار» لەگەڵ نووسەرەکەی ڕێکەوتین ئاوازی بۆ دابنێم.



تیپی مۆسیقای ڕانیە

دوای دانانی میلۆدی و دابەشکردنی موسیقای سروودەکە کەوتینە خۆ بۆ تۆمار کردنی. بەڵام بەهۆی نەبوونی ستۆدیۆ لە ڕانیە، بەهاوکاری مامۆستا زاهیر ئەحمەد و تیپی موسیقای باواجی لە ستۆدیۆی کۆیە سروودەکەمان تۆمارکرد.

ستافی میوزیک: کەمانچە - هیوا مستەفا، بەهزاد ڕەسوڵ، هونەر مستەفا، خالید سدیق، مستەفا حمەئەحمەد˙ کیبۆرد - حمدامین ئەحمەد، سلێمان حسن˙ تۆمار- ئاری حمەدەمین. فلوت- رزگار حمە عەلی، نەهرۆ سەردار ˙ کلارنێت- زمناکۆ زرار، کامەران ئەنوەر ˙ ڕیتم- ئامانج سلێمان ˙ دەف- خدر کێوەرەش|| دەنگبێژان: جەماڵ فەتحیان، مستە فەتحیان، سەردار خالید، زوهرە مەحمود، بنار مستەفا، چرۆ سەردار، ئیسماعیل ئەحمەد، بەهار خالید. سروودی ٥ی ئازار — هۆنراوەی نیازی حمەعزیز، ئاواز و دابەشکردنی هیوا مستەفا، ووتنی کۆرس. بەرهەمی دووەم: سروودی گەلی ڕاپەڕیو — هۆنراوەی جەبار فۆتۆگراڤەر، ئاواز و دابەشکردنی هیوا مستەفا، ووتنی ئیسماعیل ئەحمەد.

سروودەکانی ڕاپەڕین — کاتالۆگی تەواو سڵاو بۆ ڕانیە: هۆنراوە: حمدەمین عارف|ئاواز: ئومێد میرە|میوزیک و تۆمار: د. عبدوڵا جمال سەگرمە| ووتن: کۆرس. گڕی دەروازە: هۆنراوە: کازم کۆیی| ئاواز و دابەشکردن: هیوا مستەفا| ووتن: ساوێن حەمید. ڕانیەکەم: هۆنراوە: زارا ئەحمەد جاف| ئاواز و موسیقی: ئیبراهیم خدر| ووتن: کۆرس — سۆلۆ: نامۆ نزار، ڕەوشت حەسەن، ئیبراهیم خدر، هیوا ئەحمەد، ئەلەند لوقمان. خۆری ئازادی: شیعر: حەمید قەڵادزەیی|ئاواز: ئومێد میرە|میوزیک و تۆمار: د. عبدوڵا جمال سەگرمە. بەرخۆدان: هۆنراوە: د. هێرش ڕەسوڵ| ئاواز و دابەشکردن: هیوا مستەفا | ووتن: کۆراڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕانیە. دەروازەی ڕاپەڕیو: هۆنراوە: حمەدەمین عارف| ئاواز و دابەشکردن: دلێر حەسەن| ووتن: سەید عومەر — کۆرس. ڕاپەڕین: ئاواز و دابەشکردن: هێمن حوسێن| ووتن: هێمن حوسێن و تارا ڕەسوڵ. هەموو ئەو بەرهەمانەی ئاماژەم پێدان، لەلایەن هونەرمەندان کاریان لەسەر کراوە. سرووی ڕاپەڕی: هۆنراوەی هەمزە گۆلانی، ئاواز و دابەشکردنی: سەرکەوت بۆڕهان. وتنی کۆرسی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕانیە. ساڵ و ڕۆژی تۆمارکردن: ٣-٣-٢٠٠١ سلێمانی کەناڵی کوردسات.

## ڕۆژی ڕاپەڕین

سالنامەی «ڕۆژی ڕاپەڕین» دیکۆمێنتارییەکی ساڵانەی تایبەت بە یادی ڕاپەڕینی بەهاری ئازادی خەڵکی کوردستانە کە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە ڕانیە دەستپێکرد، بە دەستپێشخەری ڕۆژنامەوان «کاروان وریا»، یەکەم ژمارەی لە ٥-٣-٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە و ساڵانە لەلایەن مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕینەوە ئامادە دەکرێت و بەهاوکاری ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» چاپ و بڵاودەکرێتەوە.



رۆژی راپەڕیــن

دوو توێیەکی تایبەتە بە 35هەمین ساڵیادی راپەڕین
مەڵبەندی 24ی راپەڕین بەهاوکاری کوردستانی نوێ ئامادەیکردووە

سەرپەرشتیار
ئەرسەلان مەحمود

ستافی ئامادەکار
مستەفا محەمەد - ڕێباز مام شۆڕش - دەشتی ڕەسوڵ - شاجوان حەسەن - داوەر عومەر

دیزاین:
ئەلبورز ڕەشید - عومەر حسێن